هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٧

سالّی ٢٠٠١ ـ بەرگی بیست و حەوت

چاپی یەکەم / ٢٠٠٢

# پێرست:


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی دەستپێک پێنج شەممە ٢٠٠١/٩/٢٠ ...... ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک، یەک شەممە ٢٠٠١/٩/٢٣ ...... ل١٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو، دوو شەممە ٢٠٠١/٩/٢٤ ...... ل٥١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ، یەک شەممە ٢٠٠١/١٠/٧ ...... ل٦٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار، دوو شەممە ٢٠٠١/١٠/٨ ...... ل٩٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج، سێ شەممە ٢٠٠١/١٠/٩ ...... ل١٤١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش، چوار شەممە ٢٠٠١/١٠/١٠ ...... ل١٦٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت، یەک شەممە ٢٠٠١/١٠/٢١ ...... ل٢٢٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت، دوو شەممە ٢٠٠١/١٠/٢٢ ...... ل٢٦٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ، سێ شەممە ٢٠٠١/١٠/٢٣ ...... ل٣٢٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە، چوار شەممە ٢٠٠١/١٠/٢٤ ...... ل٣٥٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە، پێنج شەممە ٢٠٠١/١٠/٢٥ ...... ل٤٢٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە، یەک شەممە ٢٠٠١/١١/٤ ...... ل٤٦٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سیازدە، دوو شەممە ٢٠٠١/١١/٥ ...... ل٤٧١

**بەڕێز سەفەر محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانون الطب العدلي لأقليم كوردستان العراق

المادة الأولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة أزاءها:

الاقليم: أقليم كوردستان العراق.

الوزارة: وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية للأقليم.

الوزير: وزير الصحة والشؤون الاجتماعيةللأقليم.

الباب الأول

الاهداف والاسس

المادة الثانية: يهدف هذا القانون الى تنظيم عمل الطب العدلي في الأقليم ورفع مستوى كفاءة العاملين فيه وتطوير مهامه لمساعدة العدالة.

المادة الثالثة: يتحدد اهداف القانون بما يلي : ـ

اولاًـ توحيد اسلوب عمل الطبابة العدلية في الأقليم والاشراف على تنفيذه.

ثانياً ـ تقديم الخبرة العلمية والفنية للقضاء والجهات التحقيقية المعنية.

ثالثاً ـ تدريب الكوادر الطبية والصحية والفنية.

رابعاً ـ اعداد البحوث ذات العلاقة بالطب العدلي.

خامساً ـ أجراء التحليل الاحصائي لوقعات الطب العدلي.

الباب الثاني

تشكيلات الطب العدلي

المادة الرابعة: يؤسس بموجب هذا القانون (معهد الطب العدلي) ويكون مقره في أربيل ويرتبط بالوزارة .

المادة الخامسة: تكون تشكيلات الطب العدلي كما يأتي:

اولاً ـ معهد الطب العدلي في أربيل ويتألف من:

أ ـ مجلس المعهد.

ب ـ أقسام المعهد.

ثانياً ـ الطبابات العدلية في مراكز المحافظات وتربط إدارياً بدوائر الصحة في المحافظات وفنياً بمعهد الطب العدلي في أربيل.

المادة السادسة: للوزير تحويل الطبابات العدليةفي المحافظة التي توجد فيها جامعة الى معهد طب عدلي بمستوى مديرية عند الاقتضاء.

المادة السابعة:

اولاً ـ يشكل مجلس معهد الطب العدلي من:

أ ـ مدير معهد الطب العدلي ـ رئيساً.
ب ـ ممثل عن وزارة البيشمركه يختاره وزير البيشمركه من بين الأطباء العسكريين ـ عضواً.
ج ـ ممثل عن وزارة الداخلية يختاره وزير الداخلية من بين ضباط الشرطة لا تقل رتبته عن مقدم حاصل على شهادة بكالوريوس في القانون أو موظف حقوقي من ذوي الخبرة من وزارة الداخلية ـ عضواً.
هـ ـ ممثل عن مجلس التعليم العالي والبحث العلمي للأقليم يختاره المجلس من بين التدريسيين في مادة الطب العدلي في جامعات الأقليم ـ عضواً.
وـ حاكم لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يختاره وزير العدل ـ عضواً.
ز ـ مدع عام لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يختاره وزير العدل ـ عضواً.
ح ـ رؤساء اقسام معهد الطب العدلي ـ أعضاء.
ط ـ ثلاثة من الاطباء العدليين يختارهم الوزيرـ أعضاء.
ي ـ طبيب من ذوي الاختصاص يختاره الوزير لمدة سنتين قابلة للتجديد ـ عضواً.
ثانياً ـ يجتمع مجلس المعهد مرة واحدة كل ثلاثة أشهر ولرئيس المجلس دعوته للأجتماع كلما اقتضت الحاجة الى ذلك ، ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلثي أعضاء المجلس ، وتصدر القرارت بأكثرية اصوات الحاضرين فاذا تساوت الاصوات يرجح الجانب الذي صوت فيه الرئيس.
ثالثاً ـ للمجلس دعوة من يرتأي من ذوي الخبرة والاختصاص لحضور جلساته دون ان يكون لهم حق التصويت.
المادة الثامنة: يتولى مجلس المعهد الاختصاصات الاتية:
اولاً ـ اعداد الخطة السنوية للطبابة العدلية للأقليم و متابعة تنفيذها.
ثانياً ـ اعداد الموازنة السنوية للمعهد و الطبابات التابعة له.
ثالثاً ـ تأليف لجنة من أعضائه من ثلاثة اطباء عدليين ممن هم في الخدمة للنظر في الاعتراضات المقدمة بشأن التقارير الطبية العدلية.
رابعاً ـ اقتراح ما يراه مناسباً بشأن المناهج الطبية العدلية و الدراسات العليا المتخصصة للأطباء العدليين.
خامساً ـ اقرار فتح الدورات التدريبية لذوي المهن الطبية والصحية وللفنيين في الطبابة العدلية.
سادساً ـ التوصية بمنح الاجازات الدراسية لمنتسبي الطبابة العدلية أو إيفادهم.
سابعاً ـ التوصية بمنح المكافأت لمنتسبي الطبابة العدلية تشجيعاً لادائهم المتميز.
ثامناً ـ النظر في الأمور التي يحيلها اليه الوزير أو مدير المعهد.

المادة التاسعة:

يعين مدير معهد الطب العدلي بأمر من الوزير، من بين حملة شهادة الاختصاص في الطب العدلي وله ممارسة مدة لاتقل عن سبع سنوات أو من بين الاطباء العدليين وله ممارسة في الطب العدلي مدة لاتقل عن اثنتي عشرة سنة ويفضل من كان يحمل منهم شهادة البكالوريوس في القانون.

المادة العاشرة:

اولاً- يتولى مدير المعهد مايأتي:

أ- إدارة أعمال معهد الطب العدلي في أربيل والاشراف الفني على أعمال الطبابات العدلية في المحافظات.

ب - تنفيذ قرارات المجلس.

ج - ممارسة الصلاحيات التي يخوله إياها الوزير أو مجلس المعهد.

ثانياً - يرتبط مدير المعهد بالوزير مباشرة.

المادة الحادية عشرة:

يتكون المعهد من الأقسام الآتية:

اولاً- قسم فحص الاحياء ويرأسه طبيب عدلي.

ثانيا - قسم فحص الأموات ويرأسه طبيب عدلي.

ثالثاً - قسم المختبر.

رابعاً - قسم التصوير والأشعة ويرأسه طبيب مختص.

خامساً - قسم الإحصاء والبحوث.

المادة الثانية عشرة:

للوزير بتعليمات يصدرها:

اولاً - تحديد اختصاصات الأقسام وشروط العاملين فيها وواجباتهم.

ثانياً - استحداث أقسام جديدة في معهد الطب العدلي والطبابات العدلية.

المادة الثالثة عشرة:

يرأس الطبابة العدلية في مركز كل محافظة طبيب عدلي.

## الباب الثالث
## الطبيب العدلي

المادة الرابعة عشرة:

يعتبر طبيباً عدلياً كل طبيب يحمل لقب الاختصاص في الطب العدلي أو له ممارسة فعلية متواصلة بالطبابة العدلية مدة لاتقل عن ثلاث سنوات أو طبيباً أجتاز دورة تدريبه في معهد الطب العدلي لاتقل مدتها عن سنة تقويمية.

المادة الخامسة عشرة:
اولاً ـ يقوم الطبيب العدلي بالمهام الآتية:
أ ـ فحص المصابين لتعيين الإصابة وسببها.
ب ـ تشريح الجثث والأشلاء والعظام لبيان سبب الوفاة.
ج ـ حضور عملية فتح القبر لإستخراج الجثة لوصفها أو تشريحها لبيان سبب الوفاة أو أتخاذ أي إجراء آخر يطلبه قاضي التحقيق.
د ـ إبداء الرأي الفني في الوقائع الطبية المعروضة أمام القضاء.
هـ ـ تقدير العمر.
و ـ إجراء الكشف والمعاينة موقعياً عند الاقتضاء.
ز ـ فحص الوقعات المتعلقة بالجرائم الماسة بالاخلاق والآداب العامة.
ح ـ فحص المواد المنوية والدموية وفصائلهما.
ط ـ فحص الشعر وبيان منشأه.
ي ـ فحص العينات النسيجية المختلفة للتثبت من طبيعتها.
ك ـ تحليل العينات غير النسيجية المختلفة كالمخدرات والسموم ومخلفات إطلاق النار و الإفرازات الجسمية وغيرها والالبسة المختلفة.
ثانياً ـ ينظم الطبيب العدلي تقريراً طبياً عدلياً بكل مهمة يقوم بها بناءاً على طلب من القضاء والجهات التحقيقية المعنية.
ثالثاً ـ يكون تقرير الطبيب العدلي سرياً.
المادة السادسة عشرة:
يجوز للطبيب العدلي لانجاز مهمته الاستعانة بذوى الاختصاص والجهات ذات العلاقة مع بيان ذلك بتقريره.
المادة السابعة عشرة:
اولاًـ للمحكمة او للادعاء العام، الاعتراض على التقرير الطبي العدلي أمام لجنة الاعتراضات المنصوص عليها في الفقرة (ثالثا ) من المادة(٨) من هذا القانون ولايجوز الاعتراض عليها من ذوي العلاقة الا بموافقة المحكمة.
ثانيا ـ يكون قرار لجنة الاعتراضات بهذا الشأن قطعيا من الوجهة الطبية العدلية فقط.
المادة الثامنة عشرة:
تكون التقارير الطبية التي تنظم من غير الاطباء العدليين بناءاً على طلب القضاء او الجهات التحقيقية المعنية خاضعة لاعتراض المحكمة او الادعاء العام او ذوي العلاقة لدى المؤسسات الصحية التي يرتبط بها الطبيب الذي نظم التقرير الطبي.

## الباب الرابع
## سير العمل في الطب العدلي

المادة التاسعة عشرة:

اولاً- تسجيل أوصاف ومفردات الوقعات التي تحال الى الطبابة العدلية من القضاء والجهات التحقيقية المعنية، في سجل خاص، بعد التحقق من هوية الشخص أو الجثة وسلامة المواد المرسلة وفق تعليمات تصدر لهذا الغرض.

ثانياً - يحيل مدير المعهد او الطبيب العدلي في المحافظة الوقعة الى القسم المختص، او الى لجنة من ثلاثة اطباء عند الاقتضاء.

ثالثاً - تعرض الوقعات المتعلقة بالجرائم الماسة بالاخلاق و الاداب العامة، ووقعة تقدير العمر على لجنة من ثلاثة اطباء.

المادة العشرون:

اولاً - تسجل الوقعة في سجل القسم المختص الذي تفحص فيه.

ثانياً - ينظم الطبيب العدلي أو القسم المختص أو اللجنة تقريراً طبياً عدلياً بنتائج الفحوص ويؤيد مدير المعهد أو الطبيب العدلي في المحافظة التقرير الطبي المنظم.

المادة الحادية والعشرون:

اولاً - تشرح الجثة أو تسلم بدون تشريح بقرار مسبب من قاضي التحقيق.

ثانياً - لايقوم الطبيب العدلي بتشريح جثة شخص كان تحت معالجته عن حالة انتهت بوفاته.

المادة الثانية والعشرون:

يزود الطبيب العدلي ذوي المتوفي بشهادة وفاة طبية عدلية بعد إكمال عملية تشريح الجثة.

المادة الثالثة والعشرون:

لايجوز تشريح الجثة إذا أشتبه بوجود حالة مرضية وبائية من الأمراض الخاضعة للوائح الصحية الدولية و يخبر في هذه الحالة قاضي التحقيق، والجهات الصحية المختصة بذلك على وجه السرعة.

المادة الرابعة والعشرون:

اولاً - يحضر الطبيب العدلي عملية فتح القبر بطلب من الجهة القضائية.

ثانياً - للطبيب العدلي فحص الجثة في المقبرة أو نقلها الى القسم المختص.

المادة الخامسة والعشرون:

إذا رفض الشخص، إجراء الفحص الطبي العدلي عليه، تشعر الجهة التحقيقية حالاً لاتخاذ مايقتضي.

المادة السادسة والعشرون:

للطبابة العدلية، عند الاقتضاء ان تطلب من قاضي التحقيق المختص الامر بدفن الجثة قبل

مضي مدة شهرين.

المادة السابعة والعشرون:

يجوز إحالة أية وقعة طبية عدلية من محافظة الى أخرى عند الاقتضاء، بقرار من قاضي التحقيق المختص وبموافقة رئيس محكمة الجنايات التابع له قاضي التحقيق.

المادة الثامنة والعشرون:

تخصص الوزارة سنوياً وعند الاقتضاء:

اولاً ـ عدداً من الاطباء لتأهيلهم وتعيينهم أطباء عدليين.

ثانياً ـ عدداً من المعاونين الطبيين لتأهيلهم وتعيينهم في الطبابة العدلية.

المادة التاسعة والعشرون:

للوزير صلاحية منح مخصصات اضافية للعاملين في الطب العدلي اضافة للمخصصات الحالية المنصوص عليها في تعليمات وزارة المالية والاقتصاد رقم (٢) سنة ١٩٩٧ وبالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد للاقليم وعلى الشكل التالي:

اولاـ مخصصات مقطوعة قدرها (٤٠٠٠) أربعة الالف دينار شهريا للاطباء العدليين.

ثانياـ مخصصات مقطوعة قدرها (٢٠٠٠) الفا دينار شهريا للعاملين في الطبابة العدلية من حملة البكلوريوس أو أعلى من غير الاطباء.

ثالثا ـ مخصصات مقطوعة قدرها (١٠٠٠) الف دينار شهريا للعاملين في الطبابة العدلية من الكوادر الصحية والفنية.

رابعة ـ مخصصات مقطوعة قدرها (٥٠٠) خمسمائة دينار شهريا للعاملين في الطبابة العدلية من الكوادر الخدمية.

خامساًـ تستثنى المخصصات الواردة ذكرها في الفقرات الاربعة اعلاه من أحكام قانون مخصصات موظفي الدولة رقم (٩٣) لسنة ١٩٦٧.

المادة الثلاثون:

يعفى الطبيب والصيدلي والمعاون الطبي العاملون في الطبابة العدلية من احكام قانون تدرج ذوي المهن الطبية وقانون تدرج ذوي المهن الصحية.

المادة الحادية والثلاثون:

للوزير اصدار تعليمات لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الثانية والثلاثون:

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

الاسباب الموجبة

تأكيداً لأهمية الطب العدلي ولغرض تطوير أعماله وتنظيمها بشكل يمكنه من أداء هذه المهام بصورة علمية ومتطورة، وبغية تحديد مهام الطبيب العدلي ورفع كفاءة العاملين في الطبابة العدلية، وتأمين الأطباء العدليين، وفق خطة شاملة تغطي حاجة الاقليم اليهم، بما يحقق العدالة وحسم القضايا بأدق وجه وأسرع وقت ممكن. فقد شرع هذا القانون.

د.روژ نوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەكانی ناوخۆ و تەندروستی و پێشمەرگەو خوێندنی باڵا وياسایی و دارایی ئەكەین، بەڕێزان لێرەدا كۆتایی دێت بە دانیشتنەكەی ئەمڕۆمان، دانیشتنی داهاتووش لە كاتی پێویستا ئاگادارتان دەكەینەوە، زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

لیژنەی ناوخۆ.
بەڕێز کاک د. ناصح هیچ تێبینییتان هەبوو؟.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەرئەوەی جەنابی وەزیری ناوخۆ لێرە نییە پێم باشە کە خاڵی یەکەم دوابخرێت تا ئەویش ئامادەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زانیاریتان هەیە کە نایەت؟.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تا ئێستا نەهاتووە، پێشنیار دەکەم خاڵەکە دوابخرێت بۆ رۆژێکی دواتر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە. ئەم خاڵە دوادەخەین پێویستە بۆ ئەم مەسەلەیە بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئامادە بێت.
خاڵی دووەمی بەرنامەی کاروبارمان، خستنەڕوو و گفتوگۆکردنە لەسەر پرۆژەی پزیشکی دادی هەرێمی کوردستانی عێراق کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە. پێمان باشە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتیش بفەرمووێتە ئێرە هەروەها ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا. لیژنەی یاسا تکایە رای خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی رای لیژنەی یاسا لەبابەت پرۆژەی یاسای (الطب العدلي) دەخوێنمەوە.

الى/رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم
م/رأي اللجنة

اشارة الى كتابكم المرقم(ك/٦٥) في ٢٠٠١/٩/٢٤
اجتمعت اللجنة القانونية للنظر في مشروع القانون الخاص بالطبابة العدلية وبعد دراسته ومناقشته وتبادل وجهات النظر والاتصال بالخبراء وذوي العلاقة توصلنا بالاجماع الى الرأي أدناه:

١ـ نوافق على ماجاء في المشروع مع الملاحظات التالية.
٢ـ اعادة صياغة المادة السادسة وصياغتها كالآتي(يخول الوزير صلاحية تحويل الطبابات العدلية في المحافظات الى مديرية الطبابة العدلية في المحافظة عند الاقتضاء.
٣ـ اضافة كلمة (متفرغ)الى نهاية الفقرة(اولاً)من المادة (٢٩) من المشروع.
٤ـ كتابة ديباجة المشروع لافتقاره اليها وكالآتي:

بسم الله الرحمن الرحيم
بأسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تاريخ القرار:

قرار

«استناداً الى احكام الفقرة(ا) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير الصحة والشؤون الاجتماعية ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الاتي»:

قانون رقم( )قانون الطب العدلي
لاقليم كوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ڕای لیژنەی ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

م/رأي اللجنة

كتابكم المرقم(ك/٦٥)في ٢٤/٩/٢٠٠١
اجتمعت لجنة الشؤون الداخلية في پرلمان كوردستان اليوم لغرض دراسة ومناقشة مشروع قانون الطب العدلي...

ان لجنة الشؤون الداخلية ترى ان تشريع هذا القانون من الضرورات الملحة التي يجب وضعها موضع التنفيذ لغرض ابداء الرأي الطبي والعلمي على مختلف المسائل التي تطرح على الطبابة العدلية لأن هذا الرأي يكون عاملاً مساعداً في تطبيق القانون وبالشكل الصحيح ويحقق العدالة وكذلك يؤدي تشريع القانون الى تهيئة كوادر متخصصة في هذا الحقل الحيوي.

مع التقدير

حسين علي كمال

رئيس لجنة الشؤون الداخلية

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. تكايە راپۆرتەكان بە وردى بخوێننەوە بۆئەوەى لە تەسجيلەكە باش وەربگيرێت تاوەكو لە پرۆتۆكۆلەكانەوە هەڵەى تێدا نەكرێت.

ليژنەى كاروبارى دارايى و ئابوورى راتان تكايە.

**بەڕێز جميل عبدى سندى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

نوكە راپۆرتا ليژنا دارايى و ئابوورى دەخوێنمەوە.

المجلس الوطني لكوردستان العراق

كوردستان ـ اربيل

لجنة الشؤون المالية والاقتصادية

العدد ج/ ٢٤

التاريخ ٢٣/١٠/٢٠٠١

السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ مشروع قانون الطبابة العدلية

تحية واحتراماً

كتاب رئاسة مجلس الوزراء المرقم (٥٦٨)في ٢٣/٧/٢٠٠١ والمرفق به مشروع قانون الطب العدلي لاقليم كوردستان العراق والمحال الينا من قبلكم..

إجتمعت لجنتنا يومي الاثنين والثلاثاء الموافقين ٢٢ و٢٣/١٠/٢٠٠١ لدراسته ومناقشته وابداء التوصيات اللازمة بشأنه وكالآتي:

١ـ الديباجة غير موجودة ومن الضروري درجها:

٢ـ المادة السابعة: من الضروري ان يكون التسلسل الابجدي صحيحاً حيث لاتوجد الفقرة (د)بعد الفقرة (جـ).

أما الفقرة (هـ) احلال كلمة (رئيس)قبل كلمة(المجلس)وتقرأ(يختاره رئيس المجلس).

أما الفقرة(و)من نفس المادة ان تقرأ كالآتي(حاكم من محكمة الجنايات لايقل صنفه عن الصنف الثاني يختاره وزير العدل ـ عضواً).

٣ـ المادة السابعة: ـ ثانياً ـ جعل المدة شهراً واحداً بدلاً من ثلاثة أشهر.

٤ـ المادة الثامنة: الفقرة(ثانياً) اضافة عبارة (والحسابات الختامية)وتقرأ كالآتي:

(اعداد الموازنة السنوية والحسابات الختامية للمعهد والطبابات التابعة له).

٥ـ المادة السادسة والعشرون: اضافة العبارة التالية الى نهاية المادة وكالآتي:

(المنصوص عليها في البند(أ)من الفقرة (خامساً)من المادة(١٠١)من قانون الصحة العامة رقم(٨٩)لسنة ١٩٨١.

٦ـ المادة التاسعة والعشرون: تغيير المبالغ في الفقرات اولاً وثانياً وثالثاً ورابعاً الى المبالغ المدرجة ادناه وحسب التسلسل المذكور اعلاه:

(٢٠٠٠)دينار ـ (١٠٠٠)دينار ـ (٥٠٠)دينار ـ (٢٥٠)دينار.

٧ـ اضافة مادة بعد المادة (٣٠) تنص بـ(لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون).

هذا ولكم الامر.

مع فائق التقدير والاحترام

جميل عبدي سندي

رئيس لجنة الشؤون المالية والاقتصادية

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی تکایە.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

کوردستان ـ هەولێر

لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی

ژمار/ ٢٢

بەروار: ٢٠٠١/١٠/٧

بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

بابەت/وەڵامی پرۆژە

نوسراوتان ژمارە (ک/٨٥) لە رۆژی (٢٠٠١/٩/٢٤) سەبارەت بە پرۆژەی (یاسای پزیشکی داد)... لیژنەکەمان لە رۆژی(٢٠٠١/١٠/٦) کۆبۆوە بە مەبەستی وانە کردن و لێکۆڵینەوەی، ئەمەی خوارەوە ئاکامی کۆبوونەوەکەیە لەسەر پرۆژەکە بفەرمون.

لەگەل رێزماندا

شەفیق امین محمد

سەرۆکی لیژنە

رای لیژنەکەمان ئەوەیە:

مادە(١): لە (الوزارة): وشەی اقلیم زیادەیە.

مادە(٢): وشەی (المساعدة العدالة)زیادەیە.

مادە(٢٩): اولاً: وشەی(للمتفرغین)زێدە بکرێ لە کۆتایی رستەکە.

ثالثاً: مخصصاتی مەقتوعە کە لێرە نووسراوە بۆ ئەندامانی معاون طبی و ئەوانەی کە ئیش دەکەن لەم بوارەدا لە هەزار دینارەوە بکرێت بە (١٥٠٠) دینار.

لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شەفیق تکایە جاریکی تر بیخوێننەوە، چۆن نووسراوە وا بیخوێنەوە، چونکە دەچێتە ناو پرۆتۆکۆل. هەر لەیەکەمەوە.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

بابەت/وەڵامی پرۆژە

نوسراوتان ژمارە (ک/٨٥) لە رۆژی (٢٠٠١/٩/٢٤) سەبارەت بە پرۆژەی (یاسای پزیشکی داد)... لیژنەکەمان لە رۆژی(٢٠٠١/١٠/٦) کۆبۆوە بە مەبەستی وانە کردن و لێکۆڵینەوەی، ئەمەی خوارەوە ئاکامی کۆبوونەوەکەیە لەسەر پرۆژەکە بفەرمون.

لەگەل رێزماندا

شەفیق امین محمد

سەرۆکی لیژنە

رای لیژنەکەمان ئەوەیە:

ماده(١): له (الوزارة): ووشەی اقلیم زیادەیه.
ماده(٢): وشەی (المساعدة العدالة)زیادەیه.
مــــاده(٢٩): اولاً: وشەی(للمتفرغين)زێده بکرێ له کۆتایی رستەکه. چونکه ئێمه دوو جۆره دکتۆرمان هەنه.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــومـــــــەن:**

تکایه بیخوێنەوه چۆنتان نووسیوه وا بیخوێنەوه.

**بەڕێز شــــفــــیق امین مـــحـــمـــد:**

ثالثاً: بکرێ به مخصصات مقطوعه قدرها (١٥٠٠) دینار (شهریا ألی الخ). لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــومـــــــەن:**

تکایه چۆنتان بۆ ئێمه نووسیوه وا بخوێنرێتەوه، چونکه دەچێته ناو پرۆتۆکۆل نەک شروحاتی بخەنه سەر، زۆر سوپاس.
ڕای لیژنەی پەروەردەو کاروباری فێرکردنی باڵا تکایه.

**بەڕێز عــــفـــان عـــثــــمـــان نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــومـــــــەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا

بۆ/ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان
ب/وەڵام وڕای لیژنەکەمان

نوسراوتان ژماره(ک/٦٥)له ڕۆژی ٢٠٠١/٩/٢٤
سەبارەت بەپرۆژەی (یاسای پزیشکی داد) لیژنەکەمان له ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/٢٠ کۆبۆوه بۆ خوێندنەوەو پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی یەکه یەکەی خاڵەکانی پرۆژەکه. ئەم تێبینییانەی خوارەوەمان هەیه لەسەر دەقی پرۆژەکه:
١ـ له ماددەی(١) له: الوزاره: له کۆتایی رستەکه وشەی للاقليم بکرێ به(لاقليم كوردستان العراق).
له: الوزير: هەر بەهەمان شێوەی پێشوو.
هەروەها ئەم وشەیه زیاد بکرێ وبەم شێوەیه پێناسه بکرێ:
المعهد: معهد الطب العدلي في اقليم كوردستان العراق.

٢ـ له ماددەی(٢): پێشنیار دەکەین ئەم مادەیە بەم شێوەیە بنووسرێ:
يهدف هذا القانون الى تنظيم عمل الطب العدلي ورفع مستوى كفاءة العاملين فيه وتطوير مهامه لخدمة العدالة في الاقليم.
٣ـ له ماددەی(٣): ووشەی(هذا) بخرێته دوای (اهداف).
٤ـ ماددەی (٥): ووشەی (من) بخرێته جێی (کمایأتی):
له (ثانياً): ئەم رستەیە ـ بمعهد الطب العدلی ـ بکرێ بە(بالمعهد).
٥ـ ماددەی(٦): ئێمەش لەگەڵ رای لیژنەی یاسایین کە بەم شێوەیە بنووسرێتەوە:ـ
يخول الوزير صلاحية تحويل الطبابة العدلية في المحافظات الى مديرية الطبابة العدلية.
٦ـ له ماددەی(٧): له (اولاًـ أـ معهد الطب العدلي) بکرێ بە (المعهد.. ).
له ثالثاً: وشەی یەکەم(للمجلس...)بکرێ بە(لمجلس المعهد...).
٧ـ ماددەی(٩): له رستەی یەکەمەوە (معهد الطب العدلی)بکرێ بە(المعهد)... هەروەها دوازده ساڵەکە بکرێ بە(١٠)ساڵ.
٨ـ ماددەی(١٠): له اولاً: ـ أـ (معهد الطب العدلي)بکرێ بە(المعهد)..
ب ـ (المجلس)بکرێ بە(مجلس المعهد).
٩ـ ماددەی(١١)له ثالثاً :(ویرأسه اختصاصي)ی بۆ زیاد بکرێ.
له خامساً: (ویرأسه اختصاصي)ی بۆ زیاد بکرێ.
١٠ـ ماددەی(١٢): للوزیر (بتعليمات يصدرها)بکرێ بە(اصدار تعليمات لـ ...)
هەروەها پێشنیار دەکەین کە ئەو(تعليمات)ـە بەم شێوەیەی خوارەوە بکرێ بە سێ خاڵ لەجیاتی دوو..
اولاً: تحديد اختصاصات الاقسام.
ثانياً: استحداث اقسام جديدة في المعهد والطبابات العدلية.
ثالثاً: تحديد شروط وواجبات العاملين في المعهد والطبابات العدلية.
١١ـ ماددەی(١٤): وای بەباش دەزانین بەم شێوەیە بنوسرێتەوە:
يعتبر طبيباً عدلياً كل من يحمل لقب الاختصاصي في الطب العدلي او طبيب له ممارسة فعلية متواصلة بالطبابة العدلية مدة لاتقل عن ثلاث سنوات او طبيب اجتاز بنجاح دورة تدريبية في المعهد الطبي لاتقل مدتها عن سنة تقويمية.
١٢ـ له ماددەی(١٥): له ثانیاً: ووشەی(سرياً) زیاد بکرێ و، بخرێته دوای(عدلياً)...
هەروەها داوا دەکەین برگەی (ثالثاً) هەڵبگیرێ چونکە زیادەیە و ئەو وشەیە(سرياً) کە له برگەی پێشتر زیادمان کرد جێی دەگرێتەوە.
١٣ـ له ماددەی(١٨): له کۆتایی ماددەکە وشەی(الطبي )زیادەیە.
١٤ـ ماددەی(٢١): له اولاً: وا پێشنیار دەکەین کە بەم شێوەیە بنووسرێتەوە:

تشريح الجثة أو تسليمها بدون تشريح يكون بقرار مسبب من قاضي التحقيق.
١٥ـ ماددەی(٢٣): ئەم ووشەیە(السارية) زیاد بکرێت لە دوای ووشەی(الدولية)..
١٦ـ ماددەی(٢٩): لە اولاً: ووشەی(المتفرغين)زیاد بکرێت لە کۆتایی بڕگەکە..
لەگەڵ ڕێزماندا

د.ناصح غفور رمضان
سەرۆکی لیژنە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت پڕۆتۆکۆڵەوە تکایە ئەو نووسراوانەی بۆ سەرۆکایەتی هاتووە ئەوانە تسبیت بکرێت، نەک بەو شێوەیەی خوێنرایەوە، چونکە خوێندنەوەکان ڕێک نەبوون.
بەڕێزان ئێستا ماددە بە ماددە دەست پێ دەکەین. ئەگەر بەڕێزان نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران هیچ تێبینییەکیان هەیە پێش ئەوەی دەست بە ماددەکان بکەین.
لیژنەی یاسا پێشنیاری دیباجەی کردووە کە ئیعتیادی پێش ماددەکان دەکەوێت با پێشان دیباجەکە بخوێننەوە، بەڵام پێش ئەوەی دەست پێ بکەیت بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری دادو وەزیری تەندروستی و وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم حاکم نمر دەکەم.
فەرموو دیباجەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیباجەی پێشەوەی پڕۆژەکە بەم شێوەیەیە:
بسم الله الرحمن الرحيم
بإسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تاريخ القرار:

قرار

إستناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءً على ما عرضه وزير الصحة والشؤون الاجتماعية ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ ( / / ) تشريع القانون الآتي:

قانون رقم (   )

قانون الطب العدلي لاقليم كوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی یەکەم بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الأولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة إزاءها:

الاقليم: إقليم كوردستان العراق.

الوزارة: وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية للأقليم.

الوزير :وزير الصحة والشؤون الاجتماعية للأقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر ئیعتیادییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری ناوخۆ.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیریی ماددەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر ڕێک و پێکە ئێمە لەگەڵیداین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی.

**بەڕێز شـــفـــیق أمین مـــحـــمـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

لەلای ئێمە (إقلیم) زیادەیە، چونکە لە یەکەمەوە هاتووە (قانون الطب العدلي لاقلیم کوردستان العراق). تەنیا بنووسرێت (وزارة الصحة والشؤون الاجتماعیة).

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

رای لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی بالآ.

**بەڕێز عـــفـــان عـــثـــمـــان نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

وشەی (المعهد) تعریف نەکراوە، پێمان باش بوو بکرێت، (المعهد الطبي العدلي في کوردستان العراق).

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

لیژنەی یاسا تێبینییتان هەیە؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

ئەو (للاقلیم)ە زیاد نییە چونکە عینوانی وەزارەتەکەیە، خۆی لە پێناسەکان کە شتێک پێناسە دەکرێت دەبێت بە ناونیشانی تەواو پێناسە بکرێت، وەزارەتەکە دەبێتە (وزارة الصحة والشؤون الاجتماعیة للاقلیم)، وزیریش (وزیر الصحة والشؤون الاجتماعیة للاقلیم)، چونکە ئەو (اقلیم)ەی لێرە گوتراوە پەیوەندیی هەیە بە (اقلیم)ەکانی ناو قانونەکە و دەبێت بە ناونیشانی تەواو بگوترێت لەبەرئەوە وشەی (اقلیم) زیاد نییە، دوو سێ جاریش دووبارە کراوەتەوە لە مادده (١) دووبارە کراوەتەوە، هەروەها لە مادده (٢) و مادده (٨) هاتووە، لەبەرئەوەی پێویستە لەناو پێناسەکاندا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

بۆ (معهد) راتان وانییە پێناسە بکرێت؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

ناوەکەی گوتراوەو دووجار هاتووە حسب معلوماتی من دووجار ناوی هاتووە بە(معهد الطب العدلي)، ئەگەر ناوی دوو سێ جار بە عینوانی تەواوەوە هاتبێت، پێویست ناکات پێناسە بکرێت، ئەگەریش لەماددەکانی تر زیکر نەکرابوو، ئەوا لاریمان نییە دایبنێین و پێناسەی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر مانعتان نییە بۆ دابنێین؟. کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

معهد الطب العدلي بەشێکە لە (الطب العدلي) قانونەکە ناوی (قانون الطب العدلي)یە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەو قانونە دروست کردنی (معهد)ە واتا: ئەو قانونی (طب العدلي)یە ئەرکێکی زۆری هەیە، لەبەرئەوە پێویست ناکات (معهدەکە) زیکر بکرێت، چونکە ئەگەر مەعهەدەکە ناو بێنین تەنیا حەصری دەکەین بە مەعهەد، ئیشی طبابەی عدلی هەر معهد نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە لەسەر ماددە یەک دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆئەوەی ناونووس بکرێن. بەڕێز د. ناسح فەرمو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئەم یاسایە بۆ (الطب العدلي)یە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام لەبەرئەوەی چەندین جار (معهد الطب العدلي) دووبارە دەبێتەوە لەناو ماددەکان بۆیە باشترە یەک جاری ناوی بێنین و لەوانی تر تەنیا بڵێین المعهد، چونکە ناوەکەی لە دوو سێ جار زیاتر دێتەوە، تەنیا لەبەر دووبارەکردنەوەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دانانی لەرووی قانونییەوە زەرەری نییە تەنیا بۆ پێناسەیە کە دەنووسرێت (المعهد : یقصد به معهد الطبابة العدلية)، پەیوەندی بە مەسەلەی ئەرک نییە، ئەوەی کاک شێروان بۆی چوو راستە لەوانەیە (الطب العدلي) ئەرکەکانی زۆرە، جگە لەوەی معهدیشی هەیە، بەڵام لێرە تەنیا هدەفەکە تعریفە ئەگەر بشنووسرێت هیچ زەرەری نییە دەنووسین (المعهد : معهد الطب العدلي)، لەبەرئەوە پێویست ناکات هەموو جارێک بڵێین (معهد الطب العدلي) تەنیا وشەی (المعهد) دەنووسین و ماناکەی روون دەبێت، لەبەرئەوە لاریمان نییە لە دانانی لە زمنی پێناسەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک رجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینییم هەبوو وشەی (المعهد) پێناسە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دووبارەیە کە شتێک دووبارە بوو، دەبێت بڵێیت برای بەڕێز پێش من باسی کرد، ئەمە یەکێکە لە مەرجەکانی قسە کردن یەکێکە لە وەسائلی نیزامی داخیلی هەر شتێک کە گوترا جارێکی تر دووبارە نەکرێتەوە، جا تکام وایە رەچاوی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکەن، پێشم خۆشە ئەندامە بەڕێزەکان جارێکی تر پێدا بچنەوە، لەوانەیە دوو سێ ساڵ بێت پیایدا نەچووبنەتەوە. بەڕێز د. ادریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر پشتگیریی لەوە دەکەم کە زۆر زەروورییە (المعهد) پێناسە بکرێت، چونکە لە هەموو ماددەکاندا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی رایەکەی جەنابیشت وتراو پشتگیریی دەکەیت.

بەڕێز د. جمال فەرموو.

**بەڕێز د. جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەعریف دابنێین لە ماددەی یەکەم بڵێین (المعهد : یقصد به معهد الطب العدلي) دەبێت لە ماددەی چوار باسی نەکەین (یؤسس بموجب هذا القانون معهد یسمی معهد الطب العدلي)، چونکە کە لە پێشدا گوترا (یعرف معهد الطب العدلي) دەبێت لە هەموو جێگایەکدا بگوترێت (المعهد، المعهد)، دوای ئەوە نازانرێت (المعهد) چییە، چونکە مەعهەدەکە لە ماددەیەکی تایبەت شرح کرایە ئەهدافی چییەو تەشکیلاتی چییە، چونکە نیوەی قانوونەکە زیاتر بۆ ئەو معهدەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موناقەشەی ئەو مەوزوعە ناکەین، جەنابت رای خۆت گوتووە، پێچەوانەی ئەو رایەیە، جا پێویست ناکات جارێکی تر لەسەری بڕۆین، لێرە رای لیژنەی قانونی دەخوات، لیژنەی یاسا

تكايە رايەكی كۆتاييمان بدەنێ بۆ ئەوەی برياری لەسەر بدەين.

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

المعهد كە (تأسيس) دەكرێت مانای وا نييە كە لە تەعاريف دانەنرێت، كە لە تەعريف دادەنرێت بۆئەوەيە كە زۆر جار دووبارە نەبێتەوە،هەموو جار پێويستيمان بەوە نەبێت كە ناوەكەی بەتەواوی بنووسين، چونكە ئەگەر لە تەعاريف نەبێت دەبێت هەر جارێك كە ناوی (المعهد) بێت عينوانی تەواوی بنووسين، تەنها هدەفەكە ئەوەيە كە تكرار نەبێتەوە ئەگەر بنووسرێت و نەنووسرێت گرفت نييە، لەبەرئەوە هيچ زەرەری نييە ئەگەر بنووسرێت ئاسانكاريی دەكات، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

(المعهد) چەند جار ناوی هاتووە؟.

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

سێ، چوار جار ناوی هاتووە.

**بەڕێز د. نـاصـح غـــفـــور رمـــضـــان:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

زياتر لە پێنج جار ناوی هاتووە، لە مادده چوارو پێنج و حەوت و مادده نۆدا هاتووە، هەروەها هی تريشی تێدايە، دووبارەی تێدايە واتا لە چوار جار زياتر ناوی هاتووە. بۆيە يەكجار بووترێت بۆئەوەی دووبارە نەبێتەوە، بدايەتی يەكەم جارە دێت زۆر زۆر طبيعييە يەكەم جار بگوترێتەوە بەڵام دوايی پێويست ناكات، بەڵام لەوێ ئەوەی رای بەڕێز وەزير راستە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

تكات لێ دەكەم گفتوگۆی رای جەنابی وەزير مەكە؟

**بەڕێز د.نـاصـح غـــفـــور رمـــضـــان:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ببورە، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

چونكە ئەو تێبينييە زيادەيە، رای كۆتايی ليژنەی ياسايی تكايە، ماددەی يەك بيخوێنەوە.

**بەڕێز شـــيـــروان نـاصـح حـــيـــدری :**

المادة الاولى:

يقصد بالعبارات التالية:
المعاني المبينة ازاءها:
الاقليم: اقليم كوردستان العراق .
الوزارة: وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية للاقليم .
الوزير: وزير الصحة والشؤون الاجتماعية للاقليم .
المعهد: معهد الطب العدلي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم بەو شێوەیە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی یەکەم وەرگیرا. ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری :**
المادة الثانية:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
تکایە (الباب الاول الاهداف والاسس).

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری :**
(الباب الاول الاهداف والاسس)
المادة الثانية:
يهدف هذا القانون الى تنظيم عمل الطب العدلي في الاقليم ورفع مستوى كفاءة العاملين فيه وتطوير مهامه لمساعدة العدالة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
رای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ماددەکە ئاساییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
رای لیژنەی کاروباری ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ماددەکە زۆر بەرێکی هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر ڕێک وپێکاهاتیبە من لەگەڵ دەقی ماددەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری تەندروستی وکۆمەڵایەتی؟.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای ئێمەوە(لمساعدة العدالة) شتێکی زیادەیە، چونکە ئەمە وشەیەکی بەراقە و(تطوير مهامه) او(لمساعدة العدالة) بەلای ئێمەوە شتێکی زیادەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی بالاّ؟.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەقێکمان نووسیوە ئەو یارمەتیبە ببێت بە خدمە، (يهدف هذا القانون الى تنظيم عمل الطب العدلي ورفع مستوى كفاءة العاملين فيه وتطوير مهامه لخدمة العدالة في الاقليم) یارمەتییەکە بکرێ بە خدمە، خدمەکە جوان تر بوو لامان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕاتان؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هدەفی سەرەکی لە پزیشکی دادی خزمەتکردنی یەکسانییە ویارمەتی عەدالەتە، نەک مەسەلە بە وشەی خزمەت. مساعدە یارمەتی دەرە بۆ کەشفی تاوان بۆ دیتنەوەی هەندەک شتی پزیشکی دادی حالاتی (تشريح الجثه) کە پزیشکی دادی دیاریکرد هۆی مردنی چییە لێکۆڵەرەوە زۆر بە ئاسانی بەو لایەوە دەروا هەوڵ دەدات بگاتە ئەنجامێک، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە ئەو وشەیە (مساعدة العدالة) بمێنیتەوە وەکو خۆی، نەک(خدمة العدالة) یارمەتیدەری عدالەتە چونکە هەندەک واجباتی تریشی هەیە، جار جار تەقدیری عمری هەیە لەوانەیە پەیوەندی بەقەزاو تحقيق

نییه...هتد، لەم بابەتانە ئەمانە هەدەفی سەرەکی پزیشکی دادی ئەوەیە کە خزمەتی یەکسانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن، دیارە هیچ تێبینییەک نییە، تکایە جارێکی تر ماددەی دووەم بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الثانية:

(الباب الاول الاهداف والاسس)

يهدف هذا القانون الى تنظيم عمل الطب العدلي في الاقليم ورفع مستوى كفاءة العاملين فيه وتطوير مهامه لمساعدة العدالة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە،زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، یەک دەنگ پەسەندی ناکات، مانای هەموو ماددەکە پەسەند ناکەی کاک شەفیق ، یان تەنها (خدمة العدالة) پەسند ناکەی.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

(لمساعدة العدالة) چونکە خۆی لێرە هاتووە و(تطوير مهامه) ئەی ئیشەکەی ئەو چییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە. ماددەی سێیەم تکایە؟.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الثالثة:

تتحقق اهداف القانون بما يلي:

١ـ توحيد اسلوب عمل الطبابة العدلية في الاقليم والاشراف على تنفيذه.

٢ـ تقديم الخبرة العلمية والفنية للقضاء والجهات التحقيقية المعنية.

٣ـ تدريب الكوادر الطبية والصحية والفنية.

٤ـ اعداد البحوث ذات العلاقة بالطب العدلي.

٥ـ اجراء التحليل الاحصائي لوقعات الطب العدلي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی؟ .

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە ئاساییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر بەرێکی هاتووە ولەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی وئابووری؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی؟.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان لەسەر نییەو باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا؟.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکی بچوکمان هەیە، وشەی (هذا) بخرێتە دوای (اهداف) ئەگەر نەشبێ ئەوە قەیدی ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تێبینییەکەی تێ نەگەیەشتم؟، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مانای (تتحقق اهداف هذا القانون) نەک (تتحقق هذا القانون).

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

خۆی وشەکە لاریمان نییە دابندرێ، بەڵام (تتحقق اهداف قانون) قانونەکە بە الف لام ناسراوە مانای وایە ئەو یاسایە، بەڵام ئەگەر وشەی (هذا)ش زیادبکرێت هیچ لاریمان نییە زیادەی دەکەن هیچ گرفتێکی تێدا نییە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەوە بەقوەتتری دەکات وانییە؟، (تتحقق اهداف هذا القانون)، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە لەسەر ماددەی سێیەم. بەڕێز کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.نـاصـح غـــفـــور رمـــضـــان:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

منیش هەر تەئکید لەسەر ئەوەی لیژنەکە دەکەم کە (هذا القانون) بێت باشترە ، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

باشە بەخۆت سەرۆکی ئەو لیژنەی خۆت ئەوراپۆرتەت نووسیوە، بەڕێز کاک امین مولود فەرموو.

**بەڕێز مـــحـــمـــد امین مـــولـود:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن،.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم، زۆر فراوان هاتووە بە رای من (تقديم الخبره العلميه و الفنيه للقضاء والجهات التحقيقيه المعنيه فی مجال الطب العدلی) چونکە هەر بڕگەکانی تر هەر چوارەکەی تر دیاری کردووە تەنها ئەمەیان بەشمولی هاتووە لەگەڵ ڕێزمدا.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هەر دەبێت وابێ، چونکە پزیشکی دادی لەخۆیەوە شت ناکات، مانای لێی داوا دەکرێ و، هەر

لایەنێکی رەسمیش شتێکی لێ داوابکات خیبرەکە پێویست بێ لەمەجالی ئیشی پزیشکی دادی پێویستە یارمەتی دەری بێ لەبەر ئەوەی دەقەکە زۆر بەرێک وپێکی هاتووە، چونکە پزیشکی دادی لەخۆرا قسە ناکات لەخۆشرا ناچێتە لای لاشە ناچێتە دوائر، دەبێ دائرەکە شتی لێ داوا بکات  یان مەسحەکەی بۆ بنێری یان وەقعەکەی بۆ بنێری یان بەشێک لەو ئەنجامەی وەریگرتوە بۆی بنێری، بۆی شی بکاتەوە. هەرچی لێی داوا بکرێ واجیبی خۆیتی کەوا تەنویری ئەولایەنە بکات بەو زانیارییەی کە هەیەتی، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکا لەوئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێیەم بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆرسوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا دەنگێک بێ دەنگ بوو، ماددەی چوار تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

(الباب الثاني تشكيلات الطب العدلي)

المادة الرابعة:

يؤسس بموجب هذا القانون معهد الطب العدلي ويكون مقره في اربيل مرتبط بالوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری یاسا؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێک وپێکە هیچ رەخنەمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری؟ .

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەل دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری تەندروستی کۆمەلآیەتی؟.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان لەسەر نییە باش هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی بالآ؟.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لامان باشە و هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو(مرتبط بالوزارة) ئەگەر بکرێ بە (یرتبط بالوزارة) باشتر نییە؟، زمانەوانییە، بەلآم ئەبێ چاک بکرێ، تکایە ماددەی چوار بە تەنیا، ماددەی چوار جارێکی تر بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الرابعة:

يؤسس بموجب هذا القانون معهد الطب العدلي ويكون مقره في اربيل ويرتبط بالوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی چوار پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە،ماددەی چوار بەگشتی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی پێنجەم تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادةالخامسة

تكون تشكيلات الطب العدلي كما يأتي:

١ـ معهد الطب العدلي في اربيل ويتألف من:

أ ــ مجلس المعهد.

ب ـ اقسام المعهد.

٢ـ الطبابات العدلية في مراكز المحافظات وترتبط ادارياً بدوائر الصحة في المحافظات وفنياً بمعهد الطب العدلي في اربيل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری یاسا تکایە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی پێناسەمان کرد پزیشکە دادیەکان هەموو لابەین هەر بلێین:

١ـ المعهد في اربيل ويتألف.

٢ـ الطبابة العدلية في مراكز المحافظات ويرتبط بوزارة الصحة وفنياً بالمعهد.

لەباتی پزیشکی دادی، لەبەر ئەوە پێناسە کراوە، زۆر سوپاس، ئەگینا هیچ تێبینییەکمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینییەکمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری دارایی وئابوری تکایە؟

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی؟.

**بەڕێز شەفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر ماددەی پێنج هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا؟.

**بەڕێز عـــفـــان عـــثـــمـــان نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە رامان وابوو ئەو(کما یأتی) ـە(من) بێت.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

تتکون نییە ئەوە(تکون تشکیلات الطب العدلي کما یأتي:).

**بەڕێز عـــفـــان عـــثـــمـــان نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

(تکون تشکیلات الطب العدلي من) ئەوە رای من بوو، ئیتر ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەن، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن :**

نا ئەوە هەڵە نییە، راستە ئەوها نووسراوە راستە هەڵە نییە ئەویش راستە، راست بە راست ئەگۆڕینەوە ئەبێ سەببەبێکمان هەبێ، فەرموو لیژنەی یاسایی؟

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێستا لەسەر تعدیلاتەکانە بەڕێز کاک شێروان دەیخوێنێتەوە ئەوانەی کە ببێت، ئەوجا پاشی کە پزیشکی دادیەکە لابچێتن عنوانەکان بە عینوانی کاملی بنووسرێ ئەوجا ئەگەر برادەران لاریان هەبوو، ئەو کاتە قسەیەکی لێ دەکەین، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو جارێکی تر بیخوێنەوە تکایە.

**بـەڕێـز شـــــیـــــروان نـاصـح حـــــیـــــدری:**

المادةالخامسة:

تکون تشکیلات الطب العدلي کما یأتي:

١ـالمعهد ویتألف من:

أ ـ مجلس المعهد.

ب ـ اقسام المعهد.

٢ـ الطبابات العدلیة في مراکز المحافظات وترتبط اداریاً بدوائر الصحة في المحافظات وفنیاً بالمعهد.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

یەکەم بەرای ئێمە ئەگەر (معهد الطب العدلي) بمێنێ باشە روون ترە، خۆ شەرت نییە کە

پێناسەت کرد ناوی نەبەیت ئەگەر ناوی نەهێنیت لەنگە، چونکە دامەزراندنە یەکەم بمێنێ دوایی ئەوە گرفت نییە، دووەم (بالمعهد) کافیە، ئەوجا جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکرێت.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادةالخامسة

تكون تشكيلات الطب العدلي كما يأتي:

١ـ معهد الطب العدلي ويتألف من:

أ ـ مجلس المعهد.

ب ـ اقسام المعهد.

٢ـ الطبابات العدلية في مراكز المحافظات وترتبط ادارياً بدوائر الصحة في المحافظات وفنياً بالمعهد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەوئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە لەسەر ماددەی پێنج دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسییان بکەین، دیارە تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە نییە ،ماددەی پێنج ئەخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی پێنج پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە ماددەی پێنج بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێزان ئێمە لە راستیدا هەندێ تێبینیمان لەسەر شێوەی گفتوگۆکردن هەیە مەبەستمان ئەوە نییە کە گفتوگۆ نەکرێ، ئێمە لەگەڵ ئەوەین گفتوگۆ بکرێ و، بەپێی ئوسووڵی پەرلەمان وپێڕەوی ناوخۆ گفتوگۆ بکرێت، وا تەصور نەکرێ یەک دووجار نەمان هێشت هەندێ بەڕێز قسەی تیا بکەن زیاتر مەبەست لەوە ئەوە نەبووە کە گفتوگۆ نەکرێت، ئێمە مەبەستمانە گفتوگۆ بکرێت بەڵام دووبارە نەبێتەوە، ماددەی شەشەم تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة السادسة:

للوزير تحويل الطبابات العدلية في المحافظة التي توجد فيها جامعة الى معهد الطب العدلي بمستوى مديرية عند الاقتضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری یاسا.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە تەبعەن پەیمانگایەک لە هەولێر دروست بووە بەتەنها ئەو پەیمانگایە کافیە، بەڵام دەسەڵاتی بدەینە جەنابی وزیری تەندروستی ئەگەر تەباباتی عەدلی پێویستی بەوە هەبوو، هەندێ

مستوایەکەی بەرز بکاتەوە وبیکاتە (مديرية الطبابة العدلية) بەمەبەستی کەوادری زیاتر دەبێ بەلام نەک هەر پارێزگـایەک پەیمانگایەکی لێ دروست بکرێت ، زۆرسوپاس و، داوا دەکەین صیاغەی ماددەکە بەو شێوەیە بکرێت:

٦ـ يخول الوزير صلاحية تحويل الطبابات العدلية في المحافظات الى مديرية الطبابة العدلية عند الاقتضاء .

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری ناوخۆ.

**بەرێز حسین علی کمال:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیریی لە رای لیژنەی یاسا ئەکەین، زۆرسوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری.

**بەرێز جمیل عبدی سندی:**

**بەرێز سەروکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری دەقی ماددەکە دەکەین وپشتیوانی دەکەین.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کاروباری تەندروستی و کومەلایەتی.

**بەرێز شفیق امین محمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مانای ئێوە پشتگیری ماددەی یەکەم ئەکەن، لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسایی نیین. رای لیژنەی کاروباری پەروەردەوفێرکردنی بالا .

**بەرێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەرێز سەروکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوگۆرانەین کە لیژنەی یاسا گۆریتی حەزدەکەین بەم شێوە بێت، سوپاس .

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەلآمەکەتان پێ باشە، لە نوسراوەکەشتان هەروەها هاتووە ، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم مادەکە زۆر روونە (للوزیر) واتە: مانای ئەوەیە تخویل کراوە. للوزیر بەکەلیمە بنووسرێ تخویل یعنی (للوزیر) کەپێویست بزانی وغایە لە( تطویر)بە راستی ئەگەر تەماشای بکەی جانبی فەننی یە زیاتر یعنی لەو جێگانەی کە جامیعەی لێیە تعلیمی تیایە، طلبە دراسەتی دەکات. دەوراتی تیادەکرێتەوە لەبەر ئەوە مەسەلەکە ئیداری نییە مدیریەت یان هەر مەعهەدبێ کە مەعهەد دادەنێ بەمستوای مدیریەیە پاش ئەوی دەبی مەجلیسەکە مدیری هەبێ لەبەرئەوەی، مەسەلەکە فەنیە زیاتر ئەگەر بەیانی جامعاتمان زیاتر بوو تووسیعەکی وەهابوو طبعا مەسەلەکە مستقبلە لەبەر ئەوە بەرای ئێمە ئەو تێبینی یە بمێنێ وەکو خۆی نەک مدیریە بێ مەسەلەکە مەعهەدەکەیە زیاترە لەوەی کە مودیریەت بێت شتەکە فەننی یە عیلمی یە لە ئیداری زیاتر زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیتان هەیە لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەگەر تەحویلی تەبابەکە کرا بە پەیمانگە بێگومان ئەبێ ئەنجومەنیشی بۆ دابنرێت، هەندێ پسپۆڕی بۆ دابنرێت، دووەم پاشی ئەوەی ئێمە ئەو رایەمان دا پرسمان بە رای پزیشکی دادی نەخۆشخانەی رزگاری کرد، داوامان کرد تەشریفی هێنا ئێرە قسەمان لەگەڵ کرد ووتی ئێمە کەوادر لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی لەوانەیە پاشی چەند ماوەیەک یەک جار کەوادرەکان رێک دەخەین سەبارەت بە هەموو پارێزگاکان، لەبەر ئەوەی پەیمانگای ئێمە بەو وەزعەی ئێستا کە هەیە ئێمە دوو پارێزگاین لەوانەیە ببینە سێ پارێزگا، یەک پەیمانگا زۆر کافیە بۆ تەدریبی ئەم کەوادرانە، وپێویست ناکات بە دروست کردنی ئەم هەموو پەیمانگایانە، چونکە لەوانەیە لە سلیمانیش پەیمانگایەک بکرێتەوە، ئەم یاسایە لە عێراق وەرگیراوە وەکو خۆی تەقریبەن لەوانەیە لە هەموو عێراق دوو پەیمانگای پزیشکی داد نەبێت لەبەر ئەوە بەرای ئێمە پێویست ناکا، وەزیر سەلآحیەتی هەبێت هەندێ فراوانی بکات زیاتر لە پزیشکی داد بیکاتە بەڕێوەبەرایەتییەک، ئەم بەڕێوەبەرایەتییەش هەندێ پسپۆڕی تێدایە لەبەر ئەوەی ئەو ئەرکە زۆرەش کەمتر دەکەوێتە سەر خەزێنەو سەر حکومەتی هەرێم، ئەگەر بابەتیش دیراساتە دیراسات لە پەیمانگای پزیشکی داد دەکرێت و، رەفع دەکرێت بابەتی ئەوها کەوادر بەپێی پسپۆڕی بە رێککەوتن وەزیری تەندروستی خۆی پەیمانگا پەیوەندی دارە بە ئەو. پێویستی بە کادر هەبێت لە هەر پارێزگایەک ئەوەندە کادرە

دەتوانێ بنێرێتە پەیمانگا وتەدریب بکەن وبگەڕێنەوە شوێنەکەی خۆیان وئیشەکە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەروکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من یەکەم جار تەخویلە مانای واجب نییە ئەگەر هاتوو تەخویلی وەزیر کرا (۱۰۰٪) مانای پزیشکێکی داد لە پارێزگایەک ئەیکاتە پەیمانگا، دوو جیاوازیەک هەیە لە نێوان ئەوەی پەیمانگا لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی بێت یان پەیمانگا ببێتە بەڕێوەبەرایەتی، بێگومان ئەگەر ببێتە بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵات و ئەهدافی ئەوەی نامێنێت دراسات و بحوث وشتی وابکات، تەدریبی کەوادر بکات بەڵام ئەگەر ناوی پەیمانگای لەسەر بێت لایەنی پێشکەوتنی لەگەڵ بەسترایە، ئەتوانێ زیاتر ئەو گرنگیەی پێ ببەسترێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم ئەوەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن، بەڕێز حاکم نەمر وەزیری هەرێم فەرموو.

**بەڕێز نمر کەچۆ/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە مەبەستی ئەوەیە وەکو کاکەرەش دەڵێ نابێت بەڕێوەبەرایەتی عائدی بێت دەبێت پەیمانگا هەر خۆی لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە، ئەگەر هاتوو ئێمە بەڕێوەبەرایەتییەکی ترمان زیاد کرد نابێت عائدی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بێت. دەبێ پەیمانگا بێت هەتا سەربەخۆیی خۆی هەبێت، مانای ئەوەیە ئێستا لە دەرەجەی بەڕێوەبەری گشتی نییە هەتا بەڕێوەبەرایەتییەک دروست بکرێت پێوەی رەبت بکەین، یاسایە نابێت بەڕێوەبەرایەتی عائدی بەڕێوەبەرایەتی بێت. تەنها دەبێت لێی بەرزتر بێت، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ابراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ بە پێویستی نابینم کە بە مستەوای بەڕێوەبەرایەتی لێرە بمێنێت، ئەگەر پێویستی هەبا ئەبێ لە پێناسەکەی ماددە چواردا هاتبا کە دەڵێت (یؤسس بموجب هذا القانون معهد الطب

العدلي ويكون بمستوى مديرية) لەوێ هاتبا باش بوو، بەڵام لێرە دەبینم هیچ مانای تیا نەما ئەگەر ویستمان پلەی بەڕێوبەرایەتی بدەینێ لەسەرێ بمان دابایێ باشتر بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمود دیرشوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەبینم رای لیژنەی یاسایی گەلێک راستە، پەیمانگایەکی مەرکەزی هەبێت نەک وەکوو پەیمانگای ئەوقاف، سێ چوار پەیمانگا هەبێت هیچیشیان کارێکی واناکەن، بۆیە ئەگەر پەیمانگای مەرکەزی یەک پەیمانگا بێت ئەوی تر بەڕێوبەرایەتی پزیشکی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە تەشکیلاتەکە بۆ روونکردنەوەیە تەشکیلاتەکە بەڕێوبەرایەتی تێدا نییە وانییە؟ پەیمانگا هەیە وتەباباتیش هەنە، تەبابە ئەگەر بیکەیت بە مدیرییەت مانای حەلەقەیەکی زیادە دروست دەکەین، تەبابە ئەگەر بیگۆریت تەتویری پێ بکەیت یەکسەر دەبێت بە پەیمانگا بەپێی تەشکیلاتەکەی خۆیان، ئەمە راو بۆچوونی وەزارەت بەم شێوەیە بۆ ئەوەی روون بێت مانای بەڕێوبەرایەتی نییە لە تەشکیلاتەکەیاندا، پەیمانگایەکی مەرکەزی ئیشراف دەکات لەسەر هەموو تەبابەکان، ئەو تەبابەیە ئەگەر ئیشی زیاد بوو ئەهەمییەتی پێدراو کادری زیاتری پێویست بوو ئەکرێتە پەیمانگا، بەڵام پەیمانگا بە گشتی بە پلەی بەڕێوبەرایەتییە بەڵام نەوتراوە بەڕێوبەرایەتییە، مانای حەلەقەی بەڕێوبەرایەتی لەوێدا نییە هەر بۆ روونکردنەوەیە بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکە روون بێت لەسەر چ ئەساسێ گفتوگۆ دەکرێت، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من بە باشی دەزانم کە دەقەکە چۆنە هەر وابێت، یەک بابەتێکی جیاوازیە، دوو تەقدیری وەزارەتە بۆ دوارۆژە، سێ بە راستی پەیوەندی زۆر بە زانکۆوەش هەیە، ئەوەی کە کۆلیژی پزیشکی زۆر پەیوەندیان هەیە، چوار بۆ نمونە کارەساتی مرورو تاوان زیاد دەبێت ئەوەش ئەکیدە. جا من پێم باشە وەکو دەقەکە هاتبێت، مەسەلەکەش فەنییە وەکو بەڕێز وەزیر گوتی نەک شتێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەم دەقە وەکو لە ماددەکە هاتووە وەکو خۆی بمێنێتەوە، پێویستە ئیداریەن بابەتەکە یەکلا بکرێتەوە، ئەو پەیمانگایە پزیشکییە کە لە ئایندەدا دروست دەبێت ئیدارییەن بە کێوە ڕەبت دەبێت، چونکە ئێستا لە مادده چواردا هاتووە ئەوەی هەولێر ڕەبتە بە وەزارەتەوە، ئەوی تریش پێویستە دیاری بکرێت مانای چۆن چۆنی دەکرێت تەشکیلاتەکەی؟.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەبت دەبێت بە وەزارەتەوە دەرەنجامە.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێزسەروکی ئەنجومەن.**

ئاخر لەم کاتە دەوری فەرمانگەی تەندروستی لە مراکزی پارێزگاکان ئەبێتە چی، ئەبینم گرفتی تێدایە حەز دەکەم روونکردنەوەیەک ئەگەر هەبێت لەم بارەیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د.جمال فەرموو.

**بەڕێز د.جمال عبدالحمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بەڕێزت گوتت دەرەنجامە، دەبێتە پەیمانگا سەربەخۆیی خۆی هەیە ئەم سیستەمەی لەسەر پەیڕەو دەبێت، تەباباتی عدلیش دەمێنن کە پارێزگا تەبابەی عەدلی هەیە ئەوە دەمێنێت ئەوە پەیمانگایە پسپۆری و دەسەڵاتی هەموو شتەکانی جیاوازە، تەبابەی عەدلیش دەمێنێت. حەز دەکەی پرسیار دەکەین سبەی زروف گۆڕا ئیمکانیاتێکی وا هەبوو لە دهۆک وەکو زانکۆ وەکو کەوادری پزیشکی وەک پێویست، پێویست بکات لە دهۆک پەیمانگایەک بکەینەوە، بۆ ڕێگا نەبێت ئێمە مەجالمان هەبێت کە پەیمانگایەکی وا بکەینەوە تەنها دەبێت ڕەبتی بکەین بە هەولێرەوە، مەسەلەکە هەر بۆ ئەوەیە ڕەبتیشە بە پەیمانگاوە تەدریسیش هەیە قوتابی دەبێ بچێت پزیشکی داد ببێنێت، مەبەست لە ماددەکە روونە وابزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەک هەر دهۆک سبەینێ کەرکوکیش، سلیمانیش، هەر شوێنەو کۆلێژێکی پزیشکی هەبێت وەک کۆلێژی پزیشکی پەیمانگایەکی دادیش هەبێت، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش منطلەقی محتاجی دەست لێدەدەم، وەکو ئیحتکاک لەگەڵ برادەری ئەوەی دهۆکی کە ئەم پەیمانگایانە هەبن زۆر گرینگە وەکو لە ماددەی سێش هاتووە، دەڵێت (تدريب الكوادر) ئەگەر ئەوە هەبێتن کۆلێژی پزیشکی هەیەو بە بەردەوامی دێتەکردنێ ئەوەش بۆ پاراستنی خەڵکییە وەکو هەدەفی ئەو دیاریێت بۆ خزمەتی خەڵکییە بۆ کەمکردنی تاوانە، مانای زۆر جار تاوانێ دەبێت ناچارن دێنە ئێرە ئەگەر هەبێت خۆزگە زیاتر دەبوو، بۆ ئەوەی زیاتر هاریکاری خەڵکێ بێنە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟ بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێزکاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە ئەو سەلاحیەتەی بدەینە جەنابی وەزیر پەیمانگاکان دروست بکات، سەرەتا پێی ناوێت ئێمە بڵێین (يؤسس بموجب هذا القانون الطب العدلي ويكون مقره في أربيل) راستە ماددەک دروست بکەین بڵێین (يخول الوزير) پەیمانگا دروست بکات لەهەر جێگایەک کە دەیەوێت، لێرە تەبابەی عەدلی هەیە ئەوەش وەحدەکی بچوکە وئەم وەحدە بچوکەش ئیش وکارێکی دیاری کراوی هەیە لە مەراکزی پارێزگاکان، ئەگەر هاتوو ئەمە تۆزێک زیادی بکەین، ئەوەی بەڕێز وەزیری هەرێم فەرمووی دەڵێ ئەگەر بیکەینە بەڕێوەبەرایەتی هاودژی دەبێت بەڕێوبەرایەتی پێوە رەبت کەین، یەکەم بەڕێوبەرایەتی تەندروستی بەڕێوەبەرایەتی گشتییە، ئەوە دەبێتە بەڕێوەبەرایەتییەک رەبت دەبێت بە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی لە پارێزگاکان، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گشتییە، هیچ گرفت دروست ناکات چونکە هونەرییە، بەڕێوەبەر بە بەڕێوەبەر رەبت دەبێت، دوایە ئەگەر کردمانە بەڕێوەبەرایەتی لە تەبابەوە فراوانتر دەبێت، میلاکی زیاتر دەبێت، بەشی زیاتر دەبێت، دەتوانێ بە ئەرکەکەی خۆی هەڵبستێت، چونکە مەعقول نییە ئێمە بە یاسا پەیمانگایەک دروست بکەین دوایی سەلاحیاتیش بدەینە وەزیر پەیمانگا دروست بکات، بە رای من ئەسڵەن هاودژی دەبێت لە نێوان مادده چوارەکە لەبەر ئەوە کافییە بەرای ئێمە وەک لیژنەی یاسا، کە پەیمانگایەکی مەرکەزی هەبێت لە هەولێر. دوایی پزیشکی دادوەری بەم شێوەیە نییە ئەوەی کە تەسەور دەکرێت خەڵکەکە هەموو رۆژێ کادر تەدریب دەدرێت هەندێ پزیشکی دیار دەدرێتە ئەو یان هەندێ کادری ناوەندی دەدرێتە پەیمانگای پزیشکی دادی لەوێ تەدریب دەکەن ودەگەڕێنەوە پارێزگاکانی خۆیان وئیش وکاری خۆیان دەکەن ولەوانەیە دە ساڵ جارێک ئەوە پێویست نەبێت، لەبەر ئەوە پێویست ناکات هەر شارێک وپەیمانگایەکی پزیشکی دادی لێ بکرێت، بەڕێوەبەرایەتیەک هەبێت ئەگەر دیتیان فراوان دەبێت بەڕێوەبەرایەتییەکی لێ دروست بکرێت هەندێ میلاکی فراوان تر دەبێت

کەمتر دەبێت یان زیاتر دەبێت لە تەبابەی دادی کە یەکەیەکی بچوکە، بەرای ئێمە ماددەکە بەو شێوەیەی کە هاتووە کە ئێمە دامان ناوە بەرای ئێمە جێی خۆیەتی وگونجاوترە لەگەڵ روحی یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی ناکۆکی هەیە لەم خاڵە من بە چاک دەزانم ئەم ماددەیە دوابخەین تا زیاتر لەگەڵ بەڕێزان نوێنەری حکومەت قسەی تیبیا بکەین لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانیش، چونکە یەکەم هاودژ نییە ئەگەر بە یاسا تۆ یەکەم پەیمانگا دامەزرێنی ودووەم.ڕێگا بدەیت بە ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیری تەندروستی ئەگەر بە پێویستی زانی لە هەر شوێنێکی تر کە پارێزگای تێدا بوو یان کۆلیژی پزیشکی تێدا بوو پەیمانگا بکاتەوە، دووەمیش لە هەمان کات هاودژ نییە لەگەڵ هەیکەلی تەبابەی دادی بە گشتی ئەوا یاسایەکە، بەم گفتوگۆیانە وادەبینم ناگەینە نەتیجە دوایی باسێکی لێ دەکەین کە گەیشتینە نەتیجەیەکی دیاریکراو ئەو کاتە گفتوگۆی ئەم ماددەیە دەکەین وا چاک ترە. تکایە ماددەی حەوتەم فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة ـ٧ـ

اولاً ـ يشكل مجلس معهد الطب العدلي من :ـ

أ ـ مدير معهد الطب العدلي ـ رئيساً.

ب ـ ممثل عن وزارة البيشمركه يختاره وزير البيشمركه من بين الأطباء العسكريين ـ عضواً.

ج ـ ممثل عن وزارة الداخلية يختاره وزير الداخلية من بين ضباط الشرطة لا تقل رتبتة عن مقدم حاصل على شهادة بكلوريوس في القانون أو موظف حقوقي من ذوي الخبرة من وزارة الداخلية ـ عضواً.

هـ ـ ممثل عن مجلس التعليم العالي والبحث العلمي للأقليم يختاره المجلس من بين التدريسين في مادة الطب العدلي في جامعات الأقليم ـ عضواً.

وـ حاكم لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يختاره وزير العدل ـ عضواً.

ز ـ مدع عام لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يختارة وزير العدل ـ عضواً.

ح ـ رؤساء اقسام معهد الطب العدلي ـ أعضاء.

ط ـ ثلاثة من الاطباء العدليين يختارهم الوزيرـ أعضاء.

ي ـ طبيب من ذوي الاختصاص يختاره الوزير لمدة سنتين قابلة للتجديد ـ عضواً.

ثانياً ـ يجتمع مجلس المعهد مرة واحدة كل ثلاثة أشهر ولرئيس المجلس دعوته للأجتماع كلما اقتضت الحاجة الى ذلك، ويعتبر النصاب كاملاً، بحضور ثلثي أعضاء المجلس، وتصدر القرارات بأكثرية اصوات الحاضرين فاذا تساوت الاصوات يرجح الجانب الذي صوت فيه الرئيس .

ثالثاً ـ للمجلس دعوة من يرى من ذوي الخبرة والاختصاص لحضور جلساته دون ان يكون لهم حق التصويت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر باش هاتووە بەڵام لایەنی دەرونی بەرای ئێمە ئەگەر حاکم وداواکارە گشتییەکە بە تەسەلسول بە پێشکەون بچنە پێشەوە باشترە، چونکە حاکمێکی پلە دوو پاشی سەرۆکی پەیمانگا دێت تەنها هەر ئەو تێبینییەمان هەیە لەگەڵ داواکارە گشتییەکە لە دووی یەک هیچ تێبینی ترمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەیمانگای دادوەری بکرێت بە پەیمانگا لەم شوێنەی کە هاتووە بە (ح)، بەڵام تێبینی ئەوە ناکەن کە ئەوانەی پێش کەوتون یەکێکیان نوێنەریی وەزارەتی پێشمەرگە دەکات دەبێ بنووسن (شؤون البیشمرگە) چونکە نوێنەری وەزارەت دەکات. خۆی ئەوە یاسایە بۆیە ئەو پێش وپاشە دەکەین بەس ئوسوڵەکەی دەبێ تەماشای ئەنجومەنی وەزیران بکەین چۆنە لێرە ئەنجومەنی وەزیران چۆن دەرچووە، بۆ نموونە: ئەنجومەنی خوێندنی باڵا مانای سەرۆکی ئەنجومەن مانای پرۆتۆکۆڵەکە سەیرکەین نەک وادانێین ئەو حاکمە، ئەو پزیشکە، ئەو نازانم چییە، ئەوها تۆزێک وابزانم ئیشەکەمان لێ تێک دەدات. ڕای لیژنەی کاروباری ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین ئەگەر تەرتیبیش بکرێتەوە بە شێوەیەکی گونجاو لایەنی پرۆتۆکۆلی دیاری بکرێت زۆر چاکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سێ چوار تێبینیمان لەسەر ئەم ماددەیە هەیە،(المادة السابعة: من الضروري ان يكون التسلسل الابجدي صحيحاً حيث لاتوجد الفقرة (د) بعد الفقرة (جـ).) مانای ئێمە سەیری تەسەلسول دەکەین (ا،ب،ج،د) داڵەکە نییە باشە ئەوها چونکە لە ناوەڕۆکی بەهاوە وەریگرتووە،

(د) نوێنەری وەزارەتی دادە جگە لە حاکم ئەوا برگەی (د) دەبێ تەسەلسولەکەی تەواو بێت (ا،ب،ج،د،ھ) ئەوە یەک. لە برگەی (ھ) ھاتووە (ممثل عن مجلس التعليم العالي والبحث العلمي لأقليم يختاره المجلس) لە جێگای (يختاره المجلس) زۆر چاکترە (يختاره رئيس المجلس) زۆر کارپێکراوترە. لە بەغداد کێ ھەڵدەبژێرێت وەزیری خوێندنی باڵا ئەو ھەڵدەبژێرێت لێرە وەزارەتی خوێندنی باڵا نییە لکاوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێویستە لێرە زۆر زۆر کارپێکراوترە (يختاره رئيس المجلس). ھێژا سەرۆکی پەرلەمان برگەی واو (و- حاكم لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يختاره وزير العدل - عضواً.) لە یاساکانی حکومەتی ناوەندی سەرۆکی دادگای تاوان یەکێک لە سەرۆکانی دادگای تاوان دەبێتە ئەندام، لێرەش ھەر نەبێ دادوەرەکە دادوەری تاوان بێت مانای بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە: ( و- حاكم من محكمة الجنايات لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يختاره وزير العدل - عضواً.)، چونکە دادوەر ھەیە شارستانییە ھیچ پەیوەندی بە تاوان ولاشەو وئەوانە نییە لەبەر ئەوە دادوەری دادگای تاوان وەزیری داد ھەڵی بژێرێت زۆر ڕێکترە، ھەروەھا لەم ماددەیە دووەم (يجتمع مجلس المعهد مرة واحدة كل ثلاثة أشهر) ھاتووە سێ مانگ مانای وایە ئەوە دەمرێت، ئێمە لیژنەی ئابووری وا پێشنیار دەکەین ماوەکە ببێتە یەک مانگ لە جیاتی سێ مانگ، مانگانە دەبێت ئەنجومەنی پەیمانگا کۆببێتەوە بزانێت چ ھەیەو چ نییە بۆ ئەوەی دیراسات دابنێن ڕاپۆرت بەرزکاتەوەو بەتایبەتی سەرپەرشتی ھەموو پزیشکانی دادوەری دەکاتن ھەر ھی حکومەتی ناوەندیش مانگانەیە، بۆ ھی ئێمە تەمبەڵ بین؟ سێ مانگ جارێک. ھێژا سەرۆکی پەرلەمانێ بڕیاریش بڕیاری بەڕێزتە لەگەڵ ئەندامانی بەڕێز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی تەندروستی وکۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان نییە باش ھاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕای لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(معهد الطب العدلي) بکرێت بە(المعهد) چونکە پێناسە کرا، لە سێیەمیش (للمجلس) بکرێت بە (مجلس المعهد)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کــاکــەرەش مـحــمــد نەقــشــبــەندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن.**

تەنها بابەتەکە چاککردنەوەیە لێرە ئەنجومەنەکە بکرێتە (یشکل مجلس المعهد) لە باتی پزیشکی داد بە گوێرەی ناسراوە، لێرەش بەڕێوەبەری پزیشکی داد بکرێت بە بەڕێوەبەری پەیمانگا، ئەوانی تریش زۆر ئاساییە ئەگەر راتان وایە تەسەلسولەکە باش هاتووە با بڕوات وەکو پێویست، ئەگەر دەشیگۆڕن بە پێی ئەم پێشنیارانە ئێمە گرفتمان نییە ئەگەر تەسەلسولەکە بڕوات یان بیگۆڕن بە هەردوو حالەت لاریمان نییە، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن:**

لەسەر ئەوەش ڕێککەوتووین کە پرۆتۆکۆل چۆنە ئاوا بنووسرێ، هەر بۆ ڕوونکردنەوەش دەتوانین تەماشای پرۆتۆکۆل بکەین چونکە پرۆتۆکۆلی ئەمانە ئەوهایە، مانای بە پێی تەسەلسولی وەزارات کە لە بڕیاری دەرچونی بێت، وەزارەتی پێشمەرگەش بکەن بە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە. تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم ئەوەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عــبــدالخــالق مــحــمــد رشــیــد زەنگـەنـە:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن.**

بەڕێزان، بەراستی من شعور دەکەم کە نوێنەری نەقابەی پزیشکان ئەبێ نوێنەرێکی هەبێت وپێشنیار دەکەم کە برگە دال تێپەر بووە ئەوە ببێتە نوێنەری نەقابەی پزیشکان هەم بۆ تەعزیزی دەوری نەقابەو هەم بۆ ئەوەی یەکێکیان پەیوەندی بکات بە ئیش وکارەکانیان، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قــاسم مــحــمــد قــاسم(د.رزگــار):**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن.**

لەسەر برگە (ج) هاتووە دەڵێ:(ج ـ ممثل عن وزارة الداخلية يختاره وزير الداخلية من بين ضباط الشرطة لا تقل رتبتة عن مقدم حاصل على شهادة بكلوريوس في القانون أو موظف حقوقي) دوای (أو) ئەمە هەمووی زیادەیە جێی موقەدەم شورطەی ناگرێت موقەدەمە واجبی خۆی دەکات وحقوقیەش، لەوانەیە فەرمانبەرێکی وەزارەت هەبێت شارەزایی هەبێت بەڵام ئەمە بابەتی تاوانە، هەم شورطە هەم حقوقی یەعنی جێی وی دەگرێت بە رای من (أو موظف حقوقي من ذوي الخبرة من وزارة الداخلية ـ عضواً.) زیدەیە، دووەم هەر چەندە حکومەت مەشروعی خۆی دانێتن

ئەنجومەنی پەیمانگا سێ مانگ جارێک کۆببێتەوە زۆرە لە حکومەتی مەرکەزی یەک مانگە با هی ئێمە دوو بێت ئەگەر زۆر بێتن دوو مانگ جارێک بێت هەر چەندە حکومەتی مەرکەزی وەکو دەقی وان مانگانەیە کۆبوونەوەی ئەوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک جوهر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جوهر احمد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من دەربارەی بڕگە دووە کە دەڵێ هەر سێ مانگ جارێک ئەنجومەنی پەیمانگا کۆبوونەوە بکات بکرێتە دوو مانگ هەر نەبێتب بکرێت بە (یجتمع مجلس المعهد مره واحده كل شهرين) ئەوها چاک بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئەنجومەنی پەیمانگا چی دەکات، ئیش وکاری چییە؟.

**بەڕێز جوهر احمد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند کێشە هەیە دەچێتە بەر دەستی پەیمانگا باسی دەکات لە وانەیە کێشەیەک بۆی بچێت سێ مانگ دواکەوێت زۆر زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێشەکە پزیشکی دادی دەیکات، پزیشکی دادی راپۆرتی خۆی دەنووسێ وئەیداتە دادگاو ئەڕوات ئەمانە ناوەستێت، ئەنجومەنی پەیمانگا خەریکی ئیش وکاری پەیمانگاکەی دەبێت با تێکەڵی نەکەین شتەکان، بەڕێز حاکم سفر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری رای یاسایی دەکەم بەراستی بۆ گۆڕینی ئەم تەسەلسولە ئەمن ئەبینم زۆر پێویستە یەکەم ئەم یاسایە زۆر پەیوەندی بە وەزارەتی داد هەیە بەراستی، دووەم حاکم بە پێی زانیاری ئێمە بە پلەی بەڕێوبەری گشتییە لێرەش لە صنفی دوو هاتووە، لە پێشی موقەدەم شورطە راستە نوێنەری وەزارەتە بەلام دەبێتە ئەندامی دائمی نەک ئەوە نوێنەری وەزیرە بۆ شتێکی وا یان ئاهەنگێک بێت یان شتێکی دیاریکراو، گۆڕینی تەسەلسولی بە شتێکی چاکی دەزانم لە راستکردنەوەی یاسایی و واقعی عەملیش ئەوە یەک، دوو وابزانم ژمارەی ئەندامی ئەنجومەن زۆرن دەبنە (١٦،١٥) کەس بۆ ئەنجومەنێکی وا وابزانم زۆرە ئەگەر برادەران شتێکی وا گفتوگۆ

بکەن ورای بەڕێزتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ابراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم عبدالقادر دوغرەمچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینیم هەیە وەک پێشنیاری لیژنەی یاسایی بەڵام ئەگەر بێین وەک نوێنەرێک ئەندامەکان لە ئەنجومەنێک هەر کەسەو لە شوێنی خۆی دەسەڵاتی حاکم گەورەترە، حاکم خاوەن بڕیارە بڕیار دەدات مانای لە شوێنی خۆی بڕیار دەدات ئەو موقەدەمەی کە دامان ناوە نوێنەری وەزارەتی دادە ئەگەر بچێتە پێش حاکمی دەبێ سەڵاوی بۆ بکات ئەو کاتە بچێتە ژورەوە، لەبەر ئەوە مانای پرۆتۆکۆلیەن جا حاکم بێتە پێشتر بیێتە دووەم پاش سەرۆکی لیژنە، دوو بە گوێرەی برادەران گوتیان هی سێ مانگەکە قەیدیناکە زۆرە بەڵام دەڵێ لە کاتی پێویستدا سەرۆکی ئەنجومەن ئەتوانێت داوای کۆبوونەوە بکات، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شێخ رقیب فەرموو.

**بەڕێز رقیب حسین مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده(٧) برگە (هـ) وا دەبینم (من بین المدرسین) ناسراوترە لە (من بین التدریسین)، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز د. جمال عبدالحمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەسەلسولەوە وابزانم لەبەر ئەوە نوێنەری وەزیرە بۆیە بەم شێوەیە دانراوە ولێرە بەرای من ئەگەر نوێنەری خوێندنی باڵا بخەینە پێشەوە چونکە ئەنجومەنی خوێندنی باڵا لکاوە بە ئەنجومەنی وەزیران، ئەگینا دەقەکە لەسەر ئەمە دانراوە چونکە یەکەم ودووەم کە نوێنەری وەزیرە لەبەر ئەوە بەم شێوە دانراوە نەک مەسەلەی حاکم. بەگوێرەی برگەی دال بە راستی لە یاسای ئەصلی برگەیەک هەیە کە نوێنەری وەزیری دادیش هەبێت، ئێمە گفتوگۆمان کرد لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی داد پێیان زیاد بوو، لەبەر ئەوەی حاکم هەیە دوو حاکم هەیە گوتیان پێویست ناکات نوێنەرێکی وەزارەتی دادیش ببێت لەبەر ئەوە دالەکەیان هەڵگرتووە بە پراکتیک بەڵام لە راستیدا

ماوە، بەنیسبەت ژمارەی ئەنجومەنەکە بە راستی پێویستە هەموویان بن چونکە بابەتەکە پەیوەندی بە زۆر وەزارەتەوە هەیە پەیوەندی هەیە بە وەزارەتی ناوخۆ و پۆلیس وپەیوەندی هەیە بە لێکۆڵینەوە و بە زانکۆ و بە وەزارەتی تەندروستی، لەبەر ئەوە بەرای من ئەوانەی کە ئەندامن لەو ئەنجومەنە پێویستە بن، کۆبوونەوەکەش دووپاتی دەکەمەوە سێ مانگ وەکو بەڕێزت گوتت کاروباری پزیشکی داد رۆژانە پراکتیکی بەردەوامە ئەم ئەنجومەنە پلان دادەنێت وسەرۆکایەتی باری زانستی وپزیشکی داد بە شێوەیەکی گشتی دەکات وئێمە بارودۆخی ئێستامان دراسەت کرد بەراستی کۆبوونەوەی مانگانە بۆ ئەم هەموو خەڵکە لەوانەیە گران بێت، خاڵێکی تر هەیە بۆ سەرۆک هەیە هەر کاتێ بە پێویستی زانی کۆبوونەوە دەکات لەبەر ئەوە وابزانم سێ مانگ باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە نیسبەت نەقابەوە راتان نەبوو؟.

**بەڕێز د.جمال عبدالحمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت نەقابەوە عادەتەن نەقابە دادەنرێت کە شتێک پەیوەندی بە مافی پزیشکەوە هەبێت، ئەمە لێرە مەسەلەکە بۆ خۆی پزیشکەکە لێرە بڕیار دەدات بەرای من زیادەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تێبینی تر هەیە، بەڕێز کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من ئەیبینم کە نوێنەری وەزارەتە بەراستی نوێنەری وەزارەت نییە ئەمە دەبێتە ئەندام بەڵام نەیان زانیوە ناوێکی بۆ دانێن بۆ نمونە حاکم ناویان داناوە حاکم لە کۆتایی دایان ناوە کە وەزیری داد هەڵیدەبژێرێ، ئەوی تر بۆ نمونە یەکێکی تریشم دیتووە کە وەزیرێک نوێنەرێکی خۆی هەڵدەبژێریت لێرە دەتوانین بڵێین لە جیاتی نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ هەر ناوەکەی خۆی بڵێی موقەدەم شورطە کە بەکەلۆریوسی هەیە وەزیری ناوخۆ هەڵیدەبژێریت، هی وەزیری پێشمەرگەش،(ثلاثە من الاطباء العدليين يختارهم الوزير أعضاء.) وەکو هی پێشمەرگەش دەتوانین بڵێین (پزیشکی عەسکەری وەزیری پێشمەرگە هەڵیبژێریت) من هیچ کاتێ باوەرناکەم ئەمانە نوێنەری وەزارەت بن مانای بەناوی وەزارەتەوە دەچنە ئەوێ بەناوی فەرمانی خۆیان کە لەو وەزارەتەن دەچنە ئەوێ نوێنەرایەتی وەزیر ناکەن، تەسەلسول بە نیسبەت من گرفت نییە بەڵام تاکو ئەو گرفتە بە رای من نەک مەبەستم نوێنەری وەزارەت نییە نوێنەری وەزارەت چۆتە ئاهەنگێک یان شوێنێک پرۆتۆکۆلیەن جێگایەکی بۆ دانێن، هەر نەیان زانیوە ناوی دانێن لەبەر ئەوەیە، زۆر

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەو جۆرە ئەنجومەنانە لە ڕاستیدا ئەگەر سەیری پێکهاتەی ئەنجومەنی خوێندنی باڵا بکەین یان هەر ئەنجومەنێکی تر بکەین پێکدێت لە نوێنەران بە پلەی یەکەم بۆ چونیشی ئەوەیە تەنها بۆ ئەم کۆبوونەوەیە بە پلەی یەکەم لەم کۆبوونەوەیە ڕای وەزارەتی خۆی پێشکەش دەکات، ئەگەر سەیری ماددەی دوای ئەوە بکەین دیاری کراوە ئەم ئەنجومەنە ئیشەکانی چییە مانای ئیشەکانی هی ئەوە نییە ڕۆژانە بێت، ئیشەکانی ئەوەیە شەش مانگ جارێک کۆببێتەوە سێ مانگ جارێک کۆببێتەوە ساڵی جارێک کۆببێتەوە، چونکە پلانی ساڵانە دادەنێت، میزانییەی ساڵانە دادەنێت، پلانی تەدریسی دادەنێت، مۆڵەتی دراسی ئەدات، لەوە زیاتر نییە ئیشەکەی. ئەمانەش پێویست دەکات کە هاوئاهەنگی هەبێت لەنێوان چەندین وەزارەت، بۆیە مەسەلەی نوێنەری وەزارەت لە جێگای خۆیەتی ئەنجومەنی خوێندنی باڵا نوێنەری زانکۆکەی تێدایە بۆ نمونە ئەنجومەنی تر هەموو نوێنەری هەندێ ئەو ئەنجومەنانەی کە بەردەوام نین بەردەوامیش بن بەڵام ئیشەکەیان بەردەوام نییە ئیشەکەیان بۆ بڕیاردانە لەسەر بابەتێکی ساڵانەو درێژخایەن، لیژنەی یاسایی ئەگەر بەدواداچونێکی ترتان هەیە فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نزیکەی هەموو تێبینییەکان وەڵام درانەوە، تەنها لەوانەیە هی کاک شێخ ڕقیب کەس وەڵامی نەداوە، مەسەلەی وشەی (التدریسیین) ببێتە (المدرسین)، (المدرس) زیاتر بۆ لای دواناوەندی وشتی وا زیاتر دەچێت کە دەڵێی (التدریسیین) مانای ئەوانەی کار لە تەدریس دەکەن بە نیسبەت زانکۆوە بەڵام کە وشەی (المدرس) بەکار هات زۆرتر شێوەکەی بەلای ناوەندی و دواناوەندیدا دەڕوات لەبەر ئەوە وشەکە جوان هاتووە لە پزیشکی داد، هەر بەڕای من ئەوە جواب نەدراوە ئەوانی تر هەمووی بەڕێزتان جوابتان داوە لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەندروستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستای زانکۆ پلەیەکی دیاری کراوە (تدریسی جامعە) لە مامۆستاوە تا پرۆفیسۆر دەچێت هەموو پلەکان، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک د.ڕزگار فەرمووی تەنها موقەدەم شورطە بەسە، بابەتەکە تەقدیر کرایە بۆ وەزیری داد باشە بۆچی ئێمە فەرزکەین لەسەر وەزیری داد بڵێین هەر دەبێ موقەدەم شورطەیەک بێت، ببورە وەزارەتی ناوخۆ بکلۆریۆسی هەبێت لە ماف لەوانەیە لەم کاتە ئەوەی دەست نەکەوێ، بەڵام

فەرمانبەرێکی مافی شارەزایی هەیە لە لایەنی تاوان ولێکۆڵینەوەو ...هتد.لەوانەیە پارێزەرەک بووە زۆر شتی دیتییە بۆ ئەو مەجالانە نەدەینە وەزیری ناوخۆ خۆی هەڵیبژێریت، یان موقەدەم شورطەیەکی بنێریت یان کابرایەک تۆزێک شارەزایی هەبێت کابرایەکی مافی بۆ ئەم مەجالە بنێریّ بەڕای ئێمە دەقەکە خراپ نەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تێبینی تر هەیە؟ ئەگەر نییە تکایە ماددەکە بخوێنەوە با بیخەینە دەنگ دانەوە فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ڕێمان پێ بدەیت دوای ئەو زیادکردنەو چاککردنەو ڕەقەم دانانە ماددەکە بخوێنمەوە.

المادة : السابعة

اولاً ـ يشكل مجلس المعهد من : ـ

١ ـ مدير المعهد ـ رئيساً.

٢ ـ ممثل عن وزارة البيشمركه يختاره وزير شؤون البيشمركه من بين الأطباء العسكريين ـ عضواً.

٣ـ ممثل عن وزارة الداخلية يختاره وزير الداخلية من بين ضباط الشرطة لا تقل رتبته عن مقدم حاصل على شهادة بكلوريوس في القانون أو موظف حقوقي من ذوي الخبرة من وزارة الداخلية ـ عضواً.

٤ ـ ممثل عن مجلس التعليم العالي والبحث العلمي للأقليم يختاره المجلس من بين التدريسين في مادة الطب العدلي في جامعات الأقليم ـ عضواً.

٥ـ حاكم لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يختاره وزير العدل ـ عضواً.

٦ ـ مدع عام لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يختاره وزير العدل ـ عضواً.

٧ ـ رؤساء اقسام معهد الطب العدلي ـ أعضاء .

٨ ـ ثلاثة من الاطباء العدليين يختارهم الوزيرـ أعضاء .

٩ـ طبيب من ذوي الاختصاص يختاره الوزير لمدة سنتين قابلة للتجديد ـ عضواً.

ثانياً ـ يجتمع مجلس المعهد مرة واحدة، كل ثلاثة أشهر ولرئيس المجلس دعوته للأجتماع كلما اقتضت الحاجة الى ذلك، ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلثي أعضاء المجلس، وتصدر القرارت بأكثرية اصوات الحاضرين فاذا تساوت الاصوات يرجح الجانب الذي صوت فيه الرئيس .

ثالثاً ـ للمجلس دعوة من يرِى من ذوي الخبرة والاختصاص لحضور جلساته دون ان يكون لهم

حق التصويت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٧) پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، یەک دەنگ پەسەندی ناکات بە زۆرینەی دەنگ ماددەی (٧) وەرگیرا، ماددەی (٨) تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة : الثامنة

يتولى مجلس المعهد الاختصاصات الاتية:

اولاً ـ اعداد الخطة السنوية للطبابة العدلية للأقليم و متابعة تنفيذها.

ثانياً ـ اعداد الموازنة السنوية للمعهد و الطبابات التابعة له.

ثالثاً ـ تأليف لجنة من بين أعضائه من ثلاثة اطباء عدليين ممن هم في الخدمة للنظر في الاعتراضات المقدمة بشأن التقارير الطبية العدلية.

رابعاً ـ اقتراح ما يراه مناسباً بشأن المناهج الطبية العدلية و الدراسات العليا المتخصصة للأطباء العدليين.

خامساً ـ اقرار فتح الدورات التدريبية لذوي المهن الطبية والصحية وللفنيين في الطبابة العدلية.

سادساً ـ التوصية بمنح الاجازات الدراسية لمنتسبي الطبابة العدلية أو ايفادهم.

سابعاً ـ التوصية بمنح المكافات لمنتسبي الطبابة العدلية تشجيعاً لادائهم المتمييز.

ثامناً ـ النظر في الأمور التي يحيلها اليه الوزير أو مدير المعهد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی کاروباری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە بە جوانی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە ڕێکوپێکە، بەڵام ئەگەر ئەم ئیزافەی بخرێتە سەر باشترە،(٤ـ المادة الثامنة : الفقرة(ثانيا) اضافة عبارة (والحسابات الختامية)وتقرأ كالآتي :
(اعداد الموازنة السنوية والحسابات الختامية للمعهد والطبابات التابعة له) .)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز شفیق أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە و ماددەکەمان پێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی هیچ تێبینییەکتان نییە؟، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان لەسەر ماددەکە نەبوو، بەڵام ئەو پێشنیارەی کە لیژنەی دارایی پێشکەشی کرد، ئەوە لە زۆربەی یاساکانی تردا دانراوە، ئەگەر لێرەش دانرێت هیچ گرفتی تیادا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک فرست تێبینی هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بودجەی ئەو پەیمانگایە لە میانی بودجەی وەزارەتی تەندروستییە، بودجەی وەزارەتی تەندروستیش لە میانی بودجەی حكومەتی هەرێمە،بەرای من هۆبەی ژمێریاری پەیمانگا لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری وەزارەتی تەندروستی ئەوانە حیساباتی كۆتایی دروست دەكەن، بڕوا ناكەم ئەنجومەن بێت و تەسفیەی پسولەكان بكات و، داهات جیا كاتەوە ، چونكە ئەوە ئیشی ئەو نییە و، ئەو پسپۆریەشی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە تێبینییان هەیە دەستیان بەرز كەنەوە، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە قسەكەی كاك فرست دەكەم، چونكە ئەو پەیمانگایە كەسایەتی مەعنەوی نییە، واتە زمەی دارایی سەربەخۆی نییە، كە زمەی دارایی سەربەخۆی نەبوو، دەبێت حیساباتی لە میانی حیساباتی وەزارەتی تەندروستی دەبێت و بودجەی دەبەسترێتەوە بە بودجەی وەزارەتی تەندروستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز كاكەرەش فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رای هەردووكیان نیم، كە بودجە بۆ پەیمانگاكە دادەنرێ، ئەگەر لە میانی بودجەی وەزارەتی تەندروستیش بێت، بۆ پەیمانگاكە جیا دەكرێتەوە و، دەڵێن ئەوە بۆ ئەو پەیمانگایەیە، كەبودجەی بۆ دانرا كەواتە ئەوە خەرج دەكرێ، كە خەرجیش كرا ئەبێت «حسابات الختامیە»ی بۆ دابنرێ و هەردووكی پێكەوە بچێت بۆ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی تەندروستیش پێشكەشی دەكات بە وەزارەتی دارایی، لەبەر ئەوە پێویستە «حسابات الختامیە» لەگەڵ بودجە هەبێت، ئەگەر بودجەی نییە، ئەو كاتە بودجە بۆ ئەنجومەن دایبنێ، خۆ با وەزارەتی تەندروستی لە میانی حیساباتی خۆیدا «حسابات الختامیە»ش بۆ پەیمانگا بكات، ئەگەر بودجەی بۆ دابنرێت ئەبێت «حسابات الختامیە»ی لەگەڵدا دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نالێم«حسابات الختامیة» نەبێت، بەڵکو دەڵێم ئەوە ئیشی ئەنجومەن نییە، چونکە «حسابات الختامیە» کۆکردنی نەفەقاتە و دەرکردنی لە داهات و وردکاری لە پسولەکان، ئەو ئەنجومەنەپسپۆری ئەو کارەی نییە، دوور نییە بەڕێوەبەری پەیمانگاکە ئەو کارە ئەنجام بدات لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی حیساباتی وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەزارەتێک چەند بەشێکی هەیە، ئەویش بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دهۆک و گشتی و هەر یەکێک لەوانە بودجەی خۆی هەیە و پاشان حیساباتی خۆیان دەکەن و پێشکەشی وەزارەتی دەکەن و، دەبێتە بەشێک لە بودجەی وەزارەتی تەندروستی، ئەبێت کە بودجە هەبوو «حسابات الختامیە»یش هەبێت، ئایا ئەنجومەن ئامادەی کات، یا بەڕێوەبەری پەیمانگاکە، چونکە سەرۆکی ئەنجومەن هەر بەڕێوەبەری پەیمانگاکەیە،بەڵام لەم ماددەیەدا بێت، یا لە ماددەیەکی تردا ئاماژە بەوە بکرێت کە «حسابات الخیامیە» بکرێت، جا چ جیاوازی نییە سەرۆکی ئەنجومەن بیکات، یا بەڕێوەبەری پەیمانگاکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامان وای بۆ دەچن کە ئەگەر «حسابات الختامیە» کرا ئەنجومەن دادەنیشێ و پسولەکان تەسفیە دەکات، بەڵکو وانییە، «حسابات الختامیە» پەیمانگاکە ئامادەی دەکات هەر وەکو بودجەکە، بودجەکەش ئەوە ناگرێتەوە کە ئەنجومەن دانیشێت و خاڵ بە خاڵ بودجەکە دانێت، بەڵکو فەرمانبەری تایبەتی هەیە کە دادەنیشن و بودجە دادەنێن پاشان کە ئامادە کرا دەخرێتە پێش دەستی ئەنجومەن بۆ ئەوەی پیایدا بچێتەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەن و، هەتاوەکو لە وەزارەتەکانیش فەرمانبەری تایبەتی هەیە کە بودجەکە ئامادە دەکەن و پاشان پێشکەشی وەزیری

دەکەن ئەویش یان موسادەقەی دەکات، یان ئەگەر تێبینییەکی هەبێت دەریدەبڕێت، لەبەر ئەوە «حسابات الختامیه» لە پەیمانگا ئامادە دەکرێت و ڕۆژی کۆبونەوەی ئەنجومەن دەخرێتە پێش چاو پاشان لەگەڵ بودجەدا پێکەوە بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی و، وەزارەتیش پێشکەشی وەزارەتی دارایی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟، نییە، ئێستا پێشنیارێک هەیە کە هی لیژنەی داراییە، ئەویش ئەوەیە کە «حسابات الختامیه» بخرێتە سەر کاروباری ئەنجومەن، جا ئێستا کێ لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی داراییە تکایە دەستی بەرز کاتەوە.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ «حسابات الختامیه» دەخرێتە سەر ماددەکە، تکایە ئێستا هەموو ماددەکە بخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الثامنة :- يتولى مجلس المعهد الاختصاصات الاتية:

اولاً - اعداد الخطة السنوية للطبابة العدلية للأقليم و متابعة تنفيذها.

ثانياً - اعداد الموازنة السنوية والحسابات الختامية للمعهد و الطبابات التابعة له.

ثالثاً - تأليف لجنة من أعضائه من ثلاثة اطباء عدليين ممن هم في الخدمة للنظر في الاعتراضات المقدمة بشأن التقارير الطبية العدلية.

رابعاً - اقتراح ما يراه مناسباً بشأن المناهج الطبية العدلية و الدراسات العليا المتخصصة للأطباء العدليين.

خامساً - اقرار فتح الدورات التدريبية لذوي المهن الطبية والصحية وللفنيين في الطبابة العدلية.

سادساً - التوصية بمنح الاجازات الدراسية لمنتسبي الطبابة العدلية أو ايفادهم.

سابعاً - التوصية بمنح المكافأت لمنتسبي الطبابة العدلية تشجيعاً لأدائهم المتميز.

ثامناً- النظر في الأمور التي يحيلها اليه الوزير أو مدير المعهد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی «٨»دایە دەستی بەرزکاتەوە..سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟ دوو ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکەن، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «٩» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة التاسعة

يعين مدير معهد الطب العدلي بأمر من الوزير، من بين حملة شهادة الاختصاص في الطب العدلي وله ممارسة مدة لاتقل عن سبع سنوات أو من بين الاطباء العدليين وله ممارسة في الطب العدلي مدة لاتقل عن اثنتي عشرة سنة ويفضل من كان يحمل منهم شهادة البكالوريوس في

القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەداین بەو شێوەیەی کە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین بەو شێوەیەی کە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی پەروەردە، فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێمان باشە کەوا «معهد الطب العدلي» بکرێت بە «المعهد» و، «١٢» ساڵەکەش بکرێت بە «١٠» ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای ئێمە مەسەلەکە پسپۆرییە و پێویست ناکات دەستکاری بکرێت، کە «١٢» ساڵیان داناوە مەبەستیان ئەوە بوو کە زیاتر مومارەسەری هەبێت، ئەوە خۆیان دایاننناوە و مەسەلەکە مەسەلەیەکی هونەرییە، لەبەر ئەوە ماددەکە لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە ٩٨٪ی لە یاسای بەغداوە وەرگیراوە، راستە لەوێ «١٢» ساڵ دانراوە، بەڵام ئێمە بۆ وەکو ئەوان بکەین، هەق وایە حیسابێک بۆ بارودۆخی تایبەتی کوردستانیش بکرێت، پزیشکێک کە ئەوەندە خزمەتیان هەبێت لەوانەیە دەست نەکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە ئەمانەوێ باشتری کەین، یا خراپتری کەین؟.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵبەتە ئەمانەوێت باشتری کەین، بەڵام ئایا ئەو جۆرە کەسەمان دەست دەکەوێت کە ئەو هەموو خزمەتەی هەبێت لەو بارەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵکو دەست دەکەوێت، تکایە جارێکی تر بە هەموار کردنەوە بخوێنرێتەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة التاسعة:

يعين مدير معهد الطب العدلي بأمر من الوزير، من بين حملة شهادة الاختصاص في الطب العدلي وله ممارسة مدة لاتقل عن سبع سنوات أو من بين الاطباء العدليين وله ممارسة في الطب العدلي مدة لاتقل عن اثنتي عشرة سنة ويفضل من كان يحمل منهم شهادة البكالوريوس في القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەم ماددەیانە پەسەندە دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی نییە؟ بەگشتی دەنگ ماددەی «٩» پەسەند کرا، ماددەی «١٠» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة: العاشرة

اولاً- يتولى مدير المعهد مايأتي:

أ- إدارة أعمال معهد الطب العدلي في أربيل والاشراف الفني على أعمال الطبابات العدلية في المحافظات.

ب - تنفيذ قرارات المجلس.

ج - ممارسة الصلاحيات التي يخوله إياها الوزير أو مجلس المعهد.

ثانياً- يرتبط مدير المعهد بالوزير مباشرة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لەجێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی تەندروستی تکایە.

**بەڕێز شفیق أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکی بچووکمان هەیە، «مجلس الطب العدلي» بکرێت بە «المعهد» و، «مجلس»یش بکرێت بە «مجلس المعهد»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەردوو تێبینییەکە لە جێی خۆیەتی، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە، نییە، ئەو تێبینیانەی لیژنەی پەروەردە رەچاو بکرێت لە هەموار کردندا، تکایە جارێکی تر بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة العاشرة:

اولاً- يتولى مدير المعهد مايأتي:

أـ إدارة أعمال المعهد والاشراف الفني على أعمال الطبابات العدلية في المحافظات.

ب ـ تنفيذ قرارات مجلس المعهد.

ج ـ ممارسة الصلاحيات التي يخوله إياها الوزير أو المجلس.

ثانياً- يرتبط مدير المعهد بالوزير مباشرة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «١٠» پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن، ماددەی «١٠» بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «١١» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الحادية عشرة:

يتكون المعهد من الأقسام الآتية:

اولاً- قسم فحص الاحياء ويرأسه طبيب عدلي.

ثانياً- قسم فحص الأموات ويرأسه طبيب عدلي.

ثالثاً- قسم المختبر.
رابعاً- قسم التصوير والأشعة ويرأسه طبيب مختص.
خامساً- قسم الإحصاء والبحوث.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ڕای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ماددەکە لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، ڕای لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، ڕای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ماددەکە لەجێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، ڕای لیژنەی تەندروستی تکایە.

**بەڕێز شفیق أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ماددەکە باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، ڕای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە پێمان باشە لە بڕگەی «٣» بکرێت بە «ویرأسه أختصاصي» و، لە بڕگەی «٥»یشدا

«ويرأسه أختصاصي» ديسان بخرێته سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە ئەو ماددەیە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەوە دەمێنێتەوە بۆ تەقدیراتی بەڕێوەبەری پەیمانگاکە، چونکە ئەگەر بڵێین «اختصاصی» ئەبێت پزیشکێکی پاثیۆلۆجی و پسپۆریشی لە پاثیۆلۆجی هەبێت، ئەوە هەندێ گرانە، بەڵکو کادرێکی ناوەندی هەندێ کاری کردبێت لەو بوارەدا بتوانێت ئەو ئیشە بەڕێوەبەرێت، جا ماددەکە لە جێی خۆیەتی و پێویستی بە گۆڕانکاری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟، د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە سەبارەت بە بڕگەی «٣»وە ئەوە شتێکی ئاسایی بێت کە بڵێین بەشی تاقیگە یەکێک شارەزاییەکی هەبێت لەو بەشەدا بتوانێت ئەو کارە بەڕێوەبەرێت، بەڵام سەبارەت بە بڕگەی«٥»ەوە ئەبێت ئەو کەسەی لەوێ کار دەکات پسپۆری هەبێت، چونکە «بحث»ە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە چ بوارێکدا پسپۆری هەبێت؟.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پسپۆری لە بواری «إحصاء»دا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی «بحوث» ؟!، ئەوان خۆیان هەر لە سەرەتاوە دیارییان کردووە کە دەبێت «طبیب عدلی» بێت، لێرە نایەوێت دیاری کرێت، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە بەشی «دراسات والبحوث» پزیشکێکی عدلی بەڕێوەی بەرێت، ئەوە مەسەلەیەکی

ئیحسائییه بۆ بواری خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر ماددەکە بخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدان،فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الحادية عشرة:

يتكون المعهد من الأقسام الآتية:

اولاً- قسم فحص الاحياء ويرأسه طبيب عدلي.

ثانياً- قسم فحص الأموات ويرأسه طبيب عدلي.

ثالثاً- قسم المختبر.

رابعاً- قسم التصوير والأشعة ويرأسه طبيب مختص.

خامساً- قسم الإحصاء والبحوث.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «١١» پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن، یەک دەنگ پەسەندی ناکات،ماددەی «١١» بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «١٢» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الثانية عشرة:

للوزير بتعليمات يصدرها:

اولاً- تحديد اختصاصات الأقسام وشروط العاملين فيها وواجباتهم.

ثانياً- استحداث أقسام جديدة في معهد الطب العدلي والطبابات العدلية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لە جێی خۆیەتی، تەنها «طب العدلی» هەڵدەگرین و دەنووسین«جدیده فی المعهد»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە، پشتگیری لە رایەکەی لیژنەی یاسا دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لەجێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی تەندروستی تکایە.

**بەڕێز شفیق آمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالآ فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێمان باشە ماددەکە هەندێ هەموار بکرێت، «بالتعليمات يصدرها»بکرێت بە «إصدار التعليمات»، هەروەها پێشنیار دەکەین ئەو تەعلیماتە لە خوارەوە بکرێت بە «٣» خاڵ لە جیاتی «٢» خاڵ،اولاً- تحديد اختصاصات الأقسام.

ثانياً- استحداث أقسام جديدة في المعهد والطبابات العدلية.

ثالثاً: تحديد شروط و واجبات العاملين في المعهد والطبابة العدلية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر دوو برگەکە ئەو مەبەستەیان پێکاوە کە لیژنەی پەروەردە پێشنیاریان کردووە، بۆیە پێویست ناکات شتی تری بۆ زیاد بکەین و، گۆڕانکاری لە ماددەکەدا بکەین، چونکە هەموو مەرج و

نوێکردنەوەو پسپۆری و ئەرکەکانیان دیاری کراوە، ئەگەر جەنابی سەرۆک لوتف بکات و بیخاتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، تێبینیی نییە، جارێکی تر بیخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الثانية عشرة:

للوزير بتعليمات يصدرها:

اولاً- تحديد اختصاصات الأقسام وشروط العاملين فيها وواجباتهم.

ثانياً- استحداث أقسام جديدة في المعهد والطبابات العدلية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «١٢» پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن، «٣» دەنگ پەسەندی ناکات،ماددەی «١٢» بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «١٣» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الثالثة عشرة:

يرأس الطبابة العدلية في مركز كل محافظة طبيب عدلي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لەجێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی تەندروستی تکایە.

**بەڕێز شفیق أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، نییە، تکایە جارێکی تر ماددەکە بخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الثالثة عشرة:

يرأس الطبابة العدلية في مركز كل محافظة طبيب عدلي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «١٣» پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن،،ماددەی «١٣» بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «١٤» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

الباب الثالث

الطبيب العدلي

المادة الرابعة عشرة:

يعتبر طبيباً عدلياً كل طبيب يحمل لقب الاختصاص في الطب العدلي أو له ممارسة فعلية

متواصلة بالطبابة العدلية مدة لاتقل عن ثلاث سنوات أو طبيب أجتاز بنجاح دورة تدريبه في معهد الطب العدلي لاتقل مدتها عن سنة تقويمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لە جێی خۆبەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لەجێی خۆبەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی تەندروستی تکایە.

**بەڕێز شفیق أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالا فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەندێ تێبینییمان هەیە، ئەگەر بوارم پێ ببەخشن بیخوێنمەوە«المادة ١٤ :
يعتبر طبيباً عدلياً كل طبيب يحمل لقب الاختصاص في الطب العدلي أو طبيب له ممارسة فعلية

متواصلة بالطبابة العدلية مدة لاتقل عن ثلاث سنوات أو طبيب أجتاز بنجاح دورة تدريبيه في المعهد لاتقل مدتها عن سنة تقويمية.» سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینییەكەتان لە جێگای خۆیەتی، بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز د.جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای من «معهد الطب العدلي» بمێنێتەوە، چونكە لەوەیە دەورەیەک لە پەیمانگایەكی تر بكات، بەڵام ئێمە پێویستمان پێیەتی، بەراستی مەرج نییە لەو پەیمانگایە بێت، ئەگەر دەورەیەكی ڕێكوپێک لە زانكۆیەكی باوەڕپێكراو بكات، جا ئەوە لە بەغدا و وڵاتانی تریش هەیە، جا ئەگەر «ال»ەكە هەڵگیرێت و، بكرێت بە «معهد للطب العدلي معترف بها» لەوانەی باشتر بێت، چونكە ئەگەر بڵێین «المعهد» ئەبێت دەرچووی ئەو پەیمانگایەی هەولێر بێت و، خەڵكی تر وەرناگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، تێبینییەكی بەجێیە، تێبینی تر هەیە، لیژنەی یاسا ئەو تێبینییە ڕەچاو بكەن تكایە، جارێكی تر ماددەی «١٤» بەو هەمواركردنەوە بخوێننەوە تاوەكو بیخەینە دەنگدانەو، فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

الباب الثالث

الطبيب العدلي

المادة الرابعة عشرة:

يعتبر طبيباً عدلياً كل طبيب يحمل لقب الاختصاص في الطب العدلي أو له ممارسة فعلية متواصلة بالطبابة العدلية مدة لاتقل عن ثلاث سنوات أو طبيب أجتاز بنجاح دورة تدريبه في معهد للطب العدلي معترف بها لاتقل مدتها عن سنة تقويمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی «١٤» پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن،،ماددەی «١٤» بە گشتی دەنگ پەسەند كرا، دێینە سەر ماددەی «١٥» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الخامسة عشرة:

اولاً- يقوم الطبيب العدلي بالمهام الآتية:

أـ فحص المصابين لتعيين الإصابة وسببها.
ب ـ تشريح الجثث والأشلاء والعظام لبيان سبب الوفاة.
ج ـ حضور عملية فتح القبر لإستخراج الجثة لوصفها أو تشريحها لبيان سبب الوفاة أو أتخاذ أي إجراء آخر يطلبه قاضي التحقيق.
د ـ إبداء الرأي الفني في الوقائع الطبية المعروضة أمام القضاء.
هـ ـ تقدير العمر.
و ـ إجراء الكشف والمعاينة موقعياً عند الاقتضاء.
ز ـ فحص الوقعات المتعلقة بالجرائم الماسة بالاخلاق والآداب العامة.
ح ـ فحص المواد المنوية والدموية وفصائلهما.
ط ـ فحص الشعر وبيان منشأه.
ي ـ فحص العينات النسيجية المختلفة للتثبت من طبيعتها.
ك ـ تحليل العينات غير النسيجية المختلفة كالمخدرات والسموم ومخلفات إطلاق النار و الإفرازات الجسمية وغيرها والالبسة المختلفة.
ثانياً- ينظم الطبيب العدلي تقريراً طبياً عدلياً بكل مهمة يقوم بها بناءاً على طلب من القضاء والجهات التحقيقية المعنية.
ثالثاً- يكون تقرير الطبيب العدلي سرياً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لەجێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی تەندروستی تکایە.

**بەڕێز شفیق أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ماددەکەمان پێ باشە، بەڵام ئەگەر هەندێ دەسکاری بکرێت، پێمان باشە خاڵی «٢» وشەی «سریاً»ی بخرێتە سەر پاش وشەی «عدلیاً»، ئەو کاتە برگەی «٣» زیاد دەبێت پاش ئەوەی کە ئەو وشەیە دەخرێتە سەر خاڵی «٢»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر باش هاتووەو، خۆی پزیشکی دادی ئیش وکارەکەی خۆی دەکات بە پێی ئەو گرینگیانەی بۆی هاتووە، تەقریرەکەشی لە سەرەتاوە گوترایە بە برگەیەکی سەربەخۆ شێوەیەکی نهێنی وەردەگرێت، باشە بۆ بلێین راپۆرتی نهێنی بە شێوەیەکی گشتی نهێنییە جارجاریش هیچ گرفتی تێدا نییە ئەگەر پێویست بێت قەزا، چونکە بابەتەکە قەزاییە پزیشکی داد نییە لەلای ئەو نهێنییە بەڵام ئەگەر قەزا پێویستی بە ئەوە بێت بە دیاری بێخیت بە دیاری دەخات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام بە یەک وشە روونبێتەوە هەدەفی یاساش ئەوەیە، یەکەم روونکردنەوەی تێدا بێت، دووەم چەند کورت بێت باشترە. بۆچی ئێمە برگەیەک زیاد بکەین بە وشەی (سریاً) کە زیادبکرێت لە برگە دوو پێویست بە برگە سێ ناکات، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.جمال فەرموو.

**بەڕێز د.جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی سریەت زۆر گرینگە لە راپۆرتی پزیشکی و،لێرە بۆ تەئکید هاتووە بە روونی کە دەبێت راپۆرتی نهێنی بێت و، ئەگەر بلێی (تقریراً طبیاً عدلیاً سریاً) مانای راپۆرتی پزیشکی ئاشکراش هەیە، ئەبێت راپۆرتی نهێنی بدات نەک ئاشکرا بۆخۆی نییە هەر راپۆرتە، لێرە بۆ تەئکید کراوە کە ئەبێت راپۆرتەکەی نهێنی بێت و،بۆ گرینگی ئەوە وەکو خاڵێک دانراوە لەگەڵ ئەوەین بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی، تکایە ئەوانەی تێبینییان هەیە با دەستیان بەرزکەنەوە با ناونووس بکرێن، بەڕێزان کەسیان تێبینییان نییە، جا تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگدان فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الخامسة عشرة:

اولاً- يقوم الطبيب العدلي بالمهام الآتية:

أ- فحص المصابين لتعيين الإصابة وسببها.

ب - تشريح الجثث والأشلاء والعظام لبيان سبب الوفاة.

ج - حضور عملية فتح القبر لإستخراج الجثة لوصفها أو تشريحها لبيان سبب الوفاة أو أتخاذ أي إجراء آخر يطلبه قاضي التحقيق.

د - إبداء الرأي الفني في الوقائع الطبية المعروضة أمام القضاء.

هـ - تقدير العمر.

و- إجراء الكشف والمعاينة موقعياً عند الاقتضاء.

ز- فحص الوقعات المتعلقة بالجرائم الماسة بالاخلاق والآداب العامة.
ح - فحص المواد المنوية والدموية وفصائلهما.
ط - فحص الشعر وبيان منشأه.
ي - فحص العينات النسيجية المختلفة للتثبت من طبيعتها.
ك - تحليل العينات غير النسيجية المختلفة كالمخدرات والسموم ومخلفات إطلاق النار و الإفرازات الجسمية وغيرها والالبسة المختلفة.

ثانياً- ينظم الطبيب العدلي تقريراً طبياً عدلياً بكل مهمة يقوم بها بناءاً على طلب من القضاء والجهات التحقيقية المعنية.

ثالثاً- يكون تقرير الطبيب العدلي سرياً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لە ئەندامانی بەڕێز دەكەم كە ماددەی (١٥) بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، ماددەی (١٥) بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (١٦) فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة:

يجوز للطبيب العدلي لانجاز مهمته الاستعانة بذوى الاختصاص والجهات ذات العلاقة مع بيان ذلك بتقريره.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەكە ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقی ماددەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، دیارە تێبینی نییە، ماددەی (١٦) ئەخەینە دەنگدانەوە، تکا لە ئەندامانی بەڕێز دەکەم کە ماددەی (١٦) بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (١٦) بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (١٧) فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة السابعة عشرة:

اولا- للمحكمة او للادعاء العام، الاعتراض على التقرير الطبي العدلي أمام لجنة الاعتراضات المنصوص عليها في الفقرة (ثالثاً) من المادة (٨) من هذا القانون، ولايجوز الاعتراض عليها من ذوي العلاقة الا بموافقة المحكمة.

ثانيا - يكون قرار لجنة الاعتراضات بهذا الشأن قطعيا من الوجهة الطبية العدلية فقط.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، دیارە تێبینی نییە، ماددەی (١٧)

ئەخەینە دەنگدانەوە، تکا لە ئەندامانی بەڕێز دەکەم کە ماددەی (١٧) بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (١٧) بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (١٨) فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة عشرة:

تكون التقارير الطبية التي تنظم من غير الاطباء العدليين بناءاً على طلب القضاء او الجهات التحقيقية المعينة خاضعة لاغراض المحكمة او الادعاء العام او ذوي العلاقة لدى المؤسسات الصحية التي يرتبط بها الطبيب الذي نظم التقرير الطبي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی پەروەردە؟.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە، کەس تێبینیی نییە جارێکی تر بیخوێنەوە تا بیخەینە دەنگدان فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الثامنة عشرة:

تكون التقارير الطبية التي تنظم من غير الاطباء العدليين بناءاً على طلب القضاء او الجهات التحقيقية المعينة خاضعة لاغراض المحكمة او الادعاء العام او ذوي العلاقة لدى المؤسسات الصحية التي يرتبط بها الطبيب الذي نظم التقرير الطبي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لە ئەندامانی بەڕێز دەکەم کە ماددەی (١٨) بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (١٨) بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (١٩) فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

الباب الرابع

سير العمل في الطب العدلي

المادة التاسعة عشرة:

اولاـ تسجيل أوصاف ومفردات الوقعات التي تحال الى الطبابة العدلية من القضاء والجهات التحقيقية المعنية، في سجل خاص، بعد التحقق من هوية الشخص أو الجثة، وسلامة المواد المرسلة وفق تعليمات تصدر لهذا الغرض.

ثانياًـ يحيلُ مدير المعهد أو الطبيب العدلي في المحافظة الوقعة الى القسم المختص أو الى لجنة من ثلاثة أطباء عند الاقتضاء.

ثالثاًـ تعرض الوقعات المتعلقة بالجرائم الماسة بالأخلاق والاداب العامة و وقعة تقدير العمر على لجنة من ثلاثة اطباء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی پەروەردە وفێرکردنی بالآ.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە، کەس تێبینیی نییە، ماددەی (١٩) ئەخەینە دەنگدان، تکا لە ئەندامانی بەڕێز دەکەم کە ماددەی (١٩) بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (١٩) بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (٢٠) فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة العشرون:

اولاً- تسجل الوقعة في سجل القسم المختص الذي تفحص فيه.

ثانياً- ينظم الطبيب العدلي أو القسم المختص أو اللجنة تقريراً طبياً عدلياً بنتائج الفحوص ويؤيد مدير المعهد أو الطبيب العدلي في المحافظة التقرير الطبي المنظم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی پەروەردە وفێرکردنی باڵا.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، کەس تێبینیی نییە، ماددەی (٢٠) ئەخەینە دەنگدانەوە، تکا لە ئەندامانی بەڕێز دەکەم کە ماددەی (٢٠) بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (٢٠) بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (٢١) فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الحادية والعشرون:

اولاً- تشريح الجثة أو تسلم بدون تشريح بقرار مسبب من قاضي التحقيق.

ثانياً- لايقوم الطبيب العدلي بتشريح جثة شخص كان تحت معالجته عن حالة انتهت بوفاته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم (تشرحْ)ە تشريح نییە، ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەو تێبینییەی بەڕێزت فەرمووت، ئەگینا ماددەکە ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەروەردە وفێرکردنی بالآ؟

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەر دەڵێین (تشرح)ە، ئەگینا ماددەکە باش هاتووە هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لێژنەی تەندروستی.

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستییان بەرزکەنەوە، تەنها کاک حسن فەرمووو.

**بەڕێز حسن صالح روستم خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ثانیاً- لایقوم الطبیب العدلي بتشریح جثة شخص کان تحت معالجته عن حالة انتهت بوفاته.) ئەبێت(تحت معالجة) نەک (تحت معالجة الطب العدلي)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم خاڵە روونە، ئەو پزیشکەی چارەسەری نەخۆشێ دەکات ئەو نەخۆشە وەفاتی کرد، ئەو ناتوانێ تەشریحی بکات.

**بەڕێز حسن صالح روستم خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پزیشکی داد چارەسەر ناکات، پزیشکی داد تەشریحی لاشە دەکات تەنها، نەک لە ژێر چارەسەری خۆی بێت دەڵێ لە ژێر چاودێری پزیشکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەڵێ ئەوانەی لە ژێر چاودێری خۆیان بووە، چونکە پزیشکی داد چارەسەری نەخۆش دەکات

پزیشکه، ئەوەی لە ژێر چاودێری خۆی بووەو وەفاتی کردووە ئەو حەقی نییە تەشریحی بکاتن، ئەبێ یەکێکی تر تەشریحی بکات نەوەکو خەتای ئەو بێت، ئەوها هاتووە، وابزانم وەزیری تەندروستی پشتگیریم دەکات، تێبینی تر هەیە، دیارە نییە، تکایە ماددەکە جارێکی تر بخوێنەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الحادية والعشرون:

اولاً- تُشرح الجثة أو تسلم بدون تشريح بقرار مسبب من قاضي التحقيق.

ثانياً- لايقوم الطبيب العدلي بتشريح جثة شخص كان تحت معالجته عن حالة انتهت بوفاته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی (٢١) ئەخەینە دەنگدانەوە، تکا لە ئەندامانی بەڕێز دەکەم کە ماددەی (٢١) بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (٢١) بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بڕیارمان دابوو ئەم دانیشتنە تا سەعات (١٢,٥) بێت، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنی ئەمرۆ دێت لە کۆبوونەوەی ئەم هەفتەیە ئەم یاسایە تەواو بکەین، کۆبوونەوەی داهاتوومان بەیانی سەعات (١٠) ئەبێت، هیواداین وەزیری ناوخۆش ئامادەبێت بۆ ئەوەی یاساکە تەواو بکەین، زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

## پێنج شەممە رێكەوتی ٢٥/١٠/٢٠٠١

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی٢٥/١٠/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەرێز د. رۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە یازدە)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی كار:***
***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (١١)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی ٢٥/١٠/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:***
***١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو گفتوگۆ كردنی پرۆژەی (پزیشكی داد)ی هەرێمی كوردستانی عێراق كە پێشنیار كراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.***
***٢- خستنەروو گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری دەسەڵاتدان بە وەزیری ناوخۆ بۆ درێژكردنەوەی ماوەی جێبەجێ كردنی بڕیاری ژمارە (١٧) ساڵی ١٩٩٩ كە پێشنیار كراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.***

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (١١) ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەست پێدەكەین پێشەكی بەخێرهاتنی گەرمی بەرێزان وەزیری تەندروستی و وەزیری ناوخۆ ووەزیری هەرێم دەكەم، بەرنامەی كاری ئەمرۆمان لە دوو خاڵ پێك هاتووە
خاڵی یەكەم بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای پزیشكی داد،كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار كراوە.
خاڵی دووەم گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری دەسەڵات دان بە وەزیری هەرێم بۆ درێژ كردنەوەی ماوەی جێبەجێ كردنی بڕیاری ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار كراوە.
بۆ ئەوەی دەست بەكار بین بۆ خاڵی یەكەمی بەرنامەی كاری ئەمرۆمان تكا لەبەرێزان ئەوانەی

دوێنێ لێره ئامادەبوون بفەرموونه ئێره.

دوێنێ گەیشتبووینه مادده (٢٢)، بەس پێش ئەوەی دەست بەو ماددەیه بکەین ماددەی (٦) مان بۆ ئەمرۆ دواخستبوو، ئەوەندەی من ئاگادارم پاش گفتوگۆی نێوان لیژنەکانی پەرلەمان و نوێنەرانی حکومەتی هەرێم و پسپۆراندا وای بۆ دەچم کە گەیشتبنه ئەنجام ئەگەر بەڕێز کاکەڕەش تیشکێ بخاتە سەر گفتوگۆکان.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

کاتی خۆی ئێمە وەکو لیژنەی یاسا رامان وابوو کە پزیشکایەتی داد بکرێتە بەڕێوەبەرایەتی بەڵام دوای ئەوەی لای بەڕێزتان لەگەڵ نوێنەری حکومەت و پسپۆران کۆ بووینەوە وایان دەرخست کە ئەو ئاراستەی پرۆژەکەی پێهاتووە ئەو ئاراستەیە رێک و پێک ترە و راست ترە بۆ ئەوەی یاسا لە داهاتوو دیمومەتی هەیە و شتێکی هەمیشەییە، باشتر دەتوانێ دەستەبەری پێویستیەکانی طبی عدلی بکات کەشتێکی زۆر پێویستە کە لە هەموو پارێزگاکان هەبێ بۆیە وازمان لە پێشنیارەکەی خۆمان هێناو دەگەڕێینەوە سەر دەقی ماددەکەی کە لە ئەنجومەنی وەزیران هاتبوو، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە دەقی ماددەکەی ئەوان بخرێتە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە دوێنێ گفتوگۆی تێری لەسەر کرا بوو، ماددەی شەشەم جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بیدەینە دەنگ دانەوە،

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

(المادة السادسة: للوزير تحويل الطبابات العدليةفي المحافظة التي توجد فيها جامعة الى معهد طب عدلي بمستوى مديرية عند الاقتضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی شەشەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەی شەشەم بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. ماددەی ٢٢ تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

المادة الثانية والعشرون يزود الطبيب العدلي ذوي المتوفي بشهادة وفاة طبية عدلية بعد إكمال عملية تشريح الجثة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا تکایە؟

**بەڕێز شـــێخ عـــفـــان نقـــشـــبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێمان باشە وشەی (السارية) لەدوای (الدولية)زیاد بکرێ.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لیژنەی یاسایی فەرمون ئەگەر وڵامتان هەیە.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەمرازی وبائی خۆی سارییە، کە دەڵێین وەبائی واتا نەخۆشیە بڵاوەکان خۆی بە واتای ساری دێت، بۆیە وشەی ساریەی پێناوێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەوە لوائحە هیچ پەیوەندی بە ساریەوە نییە، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، کاک ابراهیم سعید.

**بەڕێز ابـراهـیـم ســـــعـــــیـــــد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دیار نییە کێ ئاگاداری دادوەری لێکۆڵینەوە دەکات ئایا طبیب عدلیە یان کەسێکی ترە؟، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەوە دەرئەنجامە خۆی طبیب عدلیە، کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

طبیب عدلیە کە جەنازەکەی بۆ چوو گومانی لەوە هەبوو کە نەخۆشیەکی وەبائی هەبوو کە لە لوائحی دولیدا هەیە ئەوە ئاگاداری دادوەری لێکۆڵینەوە دەکات، لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار دەکاتەوە کە شتێکی وا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تێبینی تر هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ نییە. تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز شـــێـــروان ناصح حـــیـــدەری:**

المادة الثالثة والعشرون: لايجوز تشريح الجثة إذا أشتبه بوجود حالة مرضية وبائية من الأمراض الخاضعة للوائح الصحية الدولية و يخبر في هذه الحالة قاضي التحقيق، والجهات الصحية المختصة بذلك على وجه السرعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرسەت دەفەرموێ (قاضی التحقیق ) بکرێتە حاکم تحقیق.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

لاریمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

المادة الثالثة والعشرون : لايجوز تشريح الجثة إذا أشتبه بوجود حالة مرضية وبائية من الأمراض الخاضعة للوائح الصحية الدولية و يخبر في هذه الحالة حاكم التحقيق والجهات الصحية المختصة بذلك على وجه السرعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی بیست وسێ بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەی بیست و سێ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

المادة الرابعة والعشرون :

اولاً- يحضر الطبيب العدلي عملية فتح القبر بطلب من الجهة القضائية.

ثانياً- للطبيب العدلي فحص الجثة في المقبرة أو نقلها الى القسم المختص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا تکایە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە سروشتیە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر بە چاکی هاتووە و ئێمە لەگەڵین .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی و ئابووری تکایە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی تکایە؟.

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە باش هاتووە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە رای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالا؟

**بەڕێز شێخ عفان نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێمان باشە و پشگیری دەکەین و تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، دیارە تێبینی نییە، تکایە ماددەی بیست و چوار جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بیخەنەی دەنگدانەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة الرابعة والعشرون:

اولاً- يحضر الطبيب العدلي عملية فتح القبر بطلب من الجهة القضائية.

ثانياً- للطبيب العدلي فحص الجثة في المقبرة أو نقلها الى القسم المختص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی بیست وچوار بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەی بیست وچوار بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة الخامسة والعشرون: إذا رفض الشخص إجراء الفحص الطبي العدلي عليه، تشعر الجهة التحقيقية حالاً لاتخاذ مايقتضي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا راتان تکایە؟.

**کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە سروشتیە و لەگەڵێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر بە چاکی هاتووە و ئێمە لەگەڵێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی و ئابووری تکایە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە پشتگیریی ماددەکە دەکەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی تکایە؟.

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە باش هاتووە و لەگەڵێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە رای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ؟

**بەڕێز شێخ عفان نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێمان باشە و پشگیری دەکەین و تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، دیارە تێبینی نییە، تکایە ماددەی بیست و پێنج جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة الخامسة والعشرون: إذا رفض الشخص، إجراء الفحص الطبي العدلي عليه، تشعر الجهة التحقيقية حالاً لاتخاذ مايقتضي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی بیست وپێنج بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەی بیست وپێنج بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة السادسة والعشرون: للطبابة العدلية عند الاقتضاء ان تطلب من قاضي التحقيق المختص الامر بدفن الجثة قبل مضي مدة شهرين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا راتان تکایە؟.

**کاک ەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە سروشتیە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر بە چاکی هاتووە و ئێمە لەگەڵین .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی و ئابووری تکایە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە رامان وایە کە ئەوە یاسایەکی تایبەتە بە طب عدلی بەشێکە لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە(٨٩) ی ساڵی ١٩٨١ نابێ هاودژی هەبێ لە نێوانیاندا کە لە بەندی (أ) دا هاتووە و دەڵێ:(اذا لم يراجع اي من ذوي المتوفي الطباب العدلية لاستلام الجثة خلال مدة شهرين من تاريخ تسلم الطبابة لها تقوم امانة العاصمة أو البلديات في المحافظات بناءا على طلب الطبابة المذكورة بكتاب يتضمن الاسم الكامل للمتوفي والجهة التحقيقية المرسلة للجثة بدفنها في المقابر العامة ويرسم القبر لامكان استخراج الجثة عند الحاجة)بۆیە ئێمە بەباشی دەزانین لەو

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة السادسة والعشرون : للطبابة العدلية، عند الاقتضاء ان تطلب من قاضي التحقيق المختص الامر بدفن الجثة قبل مضي مدة شهرين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی بیست وشەشەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەی بیست وشەش بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة السابعة والعشرون : يجوز إحالة أية وقعة طبية عدلية من محافظة الى أخرى عند الاقتضاء، بقرار من حاكم التحقيق المختص وبموافقة رئيس محكمة الجنايات التابع له حاكم التحقيق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا راتان تکایە؟

**کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە سروشتیە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ؟

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر بە چاکی هاتووە و ئێمە لەگەڵین .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی و ئابووری تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە پشتگیریی ماددەکە دەکەین ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی تکایە؟.

**بەڕێز شفیق آمین محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەیە زیادەیەکی بخرێتە سەر:

: للطبابة العدلية، عند الاقتضاء ان تطلب من قاضي التحقيق المختص الامر بدفن الجثة قبل مضي مدة شهرين(المنصوص عليها في البند(أ)من الفقرة (خامسا)من المادة(١٠١)من قانون الصحة العامة رقم(٨٩)لسنة ١٩٨١ . هەر وەکو لە راپۆرتی خۆماندا نووسیوومانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی تکایە؟

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە باش هاتووە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە رای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا؟

**بەڕێز شێخ عفان نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، .

پێمان باشە و پشگیری دەکەین و تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا تکایە راتان لەسەر رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

خۆی باو وایە لە طبابەی عدلی ئەگەر جەنازەیەک دوو مانگ بۆ تەشریح لە طبابە عدلی دەمێنێ، ئەگەر پێویست بوو یان خاوەنی نەبوو، عادەت وایە لە طبابەی عدلی دەدرێتە کۆلیژی پزیشکی تاکو سوودی لێ وەرگرن لە بۆ تەشریح و بابەتی خوێندن، بەس هەندێ حالات هەیە طیببی عدلی دەیەوێ پێشی ئەو دوو مانگە کەسیش مراجعەتی نەکردوە داوا دەکات لە قاضی تحقیق لەبەر ئەوەی ماوەکە دوو مانگە پێش ئەو دوو مانگە داوا دەکات کە پێویست ناکات ئەو جەنازەیە لامان بمێنێتەوە لەوانەیە هەندێ بابەتی کۆمەڵایەتی هەبێ نایەوێ بیکات، بۆیە لەو کاتەدا دەشاردرێتەوە، ئەو شاردنەوەیە شارەوانی ئەگەر جەنازەکە کەسی نەبێ ئەو اجراءاتانە دەکات، لە هەموو نەخۆشخانەکان پەیوەندی بە شارەوانی دەکرێ، بۆیە ماددەکە زۆر سروشتیە و باشە،ماوەش دیاری کراووە و پێویست ناکات باسی یاسایەکی تر بکرێ سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، دیارە تێبینی نییە، تکایە ماددەی بیست و شەش جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بیخەنەی دەنگدانەوە

ماددەکە زۆر بە چاکی هاتووە و ئێمە لەگەڵ ناوەرۆکی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارای و ئابووری تکایە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە پشتگیری مادەکە دەکەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی تەندروستی تکایە؟.

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە باش هاتووە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ڕای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ؟

**بەڕێز شێخ عفان نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێمان باشە و پشگیریی دەکەین و تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێم باشە بەو ڕەهاییەی نەمێنێت وحەددی ئەدنای بۆ دابندرێ، واتا ژمارەیان دیار بێت، پێویستە حەددی ئەدنا بۆ هەردوو بڕگەکە دابندرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

نازانم بۆ ژمارە دابندرێ؟ ئەگەر ئێمە دوو پزیشکمان بوێ بۆ طبابەی عەدلی مەشق بکەن بابەتەکە بۆ وەزیری تەندروستی بەجێ دەمێنێ چەندی پێویست بوو ئەوەندە دادەنێ و دەنێری کە تەدریب بکەن، پەیمانگا هەیە و هەموو دەمێ دەتوانێ بنێرێ، بۆیە پێویست بەو زیادەیە ناکات.

ماددەکە باش هاتووە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە رای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا؟.

**بەڕێز شێخ عەفان نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێمان باشە و پشگیری دەکەین و تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، دیارە تێبینی نییە، تکایە ماددەی بیست و حەوت جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة السابعة والعشرون: يجوز إحالة أية وقعة طبية عدلية من محافظة الى أخرى عند الاقتضاء، بقرار من حاكم التحقيق المختص وبموافقة رئيس محكمة الجنايات التابع له حاكم التحقيق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی بیست وحەوتەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەی بیست وحەوت بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة الثامنة والعشرون: تخصص الوزارة سنوياً وعند الاقتضاء:

اولاً- عدداً من الاطباء لتأهيلهم وتعيينهم أطباء عدليين.

ثانياً- عدداً من المعاونين الطبيين لتأهيلهم وتعيينهم في الطبابة العدلية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی؟.

**کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە سروشتیە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر بە چاکی هاتووە و ئێمە لەگەڵ ناوەڕۆکی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارای و ئابووری تکایە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە پشتگیری مادەکە دەکەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی تەندروستی تکایە؟.

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە باش هاتووە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ڕای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا؟

**بەڕێز شیخ عفان نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێمان باشە و پشگیریی دەکەین و تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

پێم باشە بەو ڕەهاییەی نەمێنێت وحەددی ئەدنای بۆ دابندرێ، واتا ژمارەیان دیار بێت، پێویستە حەددی ئەدنا بۆ هەردوو برگەکە دابندرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

نازانم بۆ ژمارە دابندرێ؟ ئەگەر ئێمە دوو پزیشکمان بوێ بۆ طبابەی عەدلی مەشق بکەن بابەتەکە بۆ وەزیری تەندروستی بەجێ دەمێنێ چەندی پێویست بوو ئەوەندە دادەنێ و دەنێری کە تەدریب بکەن، پەیمانگا هەیە و هەموو دەمێ دەتوانێ بنێرێ، بۆیە پێویست بەو زیادەیە ناکات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینی تر نییە لەسەر ماددەی بیست و هەشت ؟ دیارە تێبینی نییە، تكایە ماددەی بیست و هەشت جارێكی تر بخوێننەوە تاكو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة الثامنة والعشرون : تخصص الوزارة سنوياً وعند الاقتضاء :

اولاً- عدداً من الاطباء لتأهيلهم وتعيينهم أطباء عدليين.

ثانياً- عدداً من المعاونين الطبيين لتأهيلهم وتعيينهم في الطبابة العدلية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی كە ماددەی بیست وهەشتەم بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، كێ پەسەندی ناكات؟ ماددەی بیست وهەشت بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة التاسعة والعشرون :

للوزير صلاحية منح مخصصات اضافية للعاملين في الطب العدلي اضافة للمخصصات الحالية المنصوص عليها في تعليمات وزارة المالية والاقتصاد رقم(٢) سنة ١٩٩٧ وبالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد للاقليم وعلى الشكل التالي :-

اولا :- مخصصات مقطوعة قدرها(٤٠٠٠) أربعة الالف دينار شهريا للاطباء العدليين.

ثانيا :- مخصصات مقطوعة قدرها(٢٠٠٠) الفا دينار شهريا للعاملين في الطبابة العدلية من حملة البكلوريوس أو أعلى من غير الاطباء.

ثالثا :- مخصصات مقطوعة قدرها(١٠٠٠) الف دينار شهريا للعاملين في الطبابة العدلية من الكوادر الصحية والفنية.

رابعا :- مخصصات مقطوعة قدرها(٥٠٠) خمسمائة دينار شهريا للعاملين في الطبابة العدلية من الكوادر الخدمية.

خامسا :- تستثنى المخصصات الواردة ذكرها في الفقرات الابعة اعلاه من أحكام قانون مخصصات موظفي الدولة رقم(٩٣) لسنة ١٩٦٧.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی راتان تكایە؟.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

برِەكان بەباشی هاتووە و رامان لەگەڵیەتی بەڵام تەنها رایەكمان هەیە نازانم جەنابی وەزیری

تەندروستی رای چۆنە،سەبارەت بە برگەی یەکەم باشە بگوترێ( للاطباء العدليين المتفرغين ) چونکە جار جار دەبینی طبيب عدليەکە اجازەیە نەشتەرگەرێکی اخصائی رۆلی طبيب عدلی دەبینێ، بۆیە ئەو نەشتەرگەرە عیادەی خۆی سروشتیە تەنها بۆ بەیانیانە مادام ناونیشانی پزیشکی داد وەردەگرێ، ئەو (٤٠٠٠) دینارە با تەنها بۆ متفرغين بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ تکایە؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و پشتگیریی رای لیژنەی یاسایی دەکەین بۆ ئەوەی متفرغين زیاد بکرێ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی و ئابووری؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لەسەرەتای ماددەکەدا هاتووە (اضافة للمخصصات الحالية المنصوص عليها في تعليمات وزارة المالية والاقتصاد رقم(٢) لسنة ١٩٩٧.)وای بۆ دەچوین کە لیژنەی یاسا ئەو اشکالە چارەسەر دەکات ، لەبەر ئەوەی رێنمایی دارایی ژمارە (٢) ی وەزارەتی دارایی ساڵانە بەکەیفی خۆیان دەیگۆڕن، لەبەر ئەوە نابێت لێرە بەو شێوەیە بهێنێت، دەتواندرێ دەرماڵەی زیادە بدات بەپێی رێنمایی وەزارەتی تەندروستی یان لە یاسای گشتی وەزارەتی تەندروستی، باشە ئەگەر پاش سێ مانگ وەزارەتی دارایی رێنماییەکانی خۆی گۆڕی، لێرەش گوتومانە بەپێی رێنمایی ژمارە(٢)ی وەزارەتی دارایی ، ئەوەش حشوێکی زیادە لە یاسادا، باشە ئەوە نەمێنێت چونکە خۆی گوتویەتی {للوزير صلاحية منح مخصصات اضافية للعاملين}، یەکەم . دووەم ، ئەو دەرماڵانەی دانراوە بە رای ئێمە مخصصاتێکی زۆر زیادە، لە یەکەم رامان وایە بکرێتە (٢٠٠٠)دینار لە دووەم بکرێتە (١٠٠٠)دینار سێیەم ببێتە (٥٠٠)دینار چوارەم ببێتە (٢٥٠)دینار، واتا ئەو دەرماڵەی دانراوە هەموویان دابەشی دوو بکرێ لەبەر ئەوەی زەحمەتێکی زۆرە لەسەر خەزێنەی حکومەتی هەرێم لەلایەک لەلایەکی تریش پزیشکانی تریش داوای ئەو دەرماڵەیە دەکەن لەبەر ئەوەی دەرماڵەیەکی زۆریان داناوە راش رای بەڕێزتانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی تکایە.

**بەڕێز شـــفـــیق امین مـــحـــمـــد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بۆ بڕگەی یەکەم ئەو (٤٠٠٠) هەزار دینارە بۆ متفرغین بێت باشە و باشیان دارشتووە بڕگەی دووەم ئەو (٢٠٠٠) دینارە ئەگەر ببێ بە (١٥٠٠) دینار لەبەر ئەوەی زیاتر کاری ئیداری دەکەن ، بڕگەی سێیەم دەرماڵەی (١٠٠٠) دینارکە داندراوە بۆ ئەو کارمەندانەی لەوێ کار دەکەن، خۆی کاری طبابەی عەدلی زیاتر ئەو کۆمەڵە دەیبەن بە ڕێوە، کادری ناوەند بەڕێوەی دەبات ئێمە پێشنیار دەکەین بکرێتە (١٥٠٠) دینار لەبەر ئەوەی لە بنەرەتدا کارەکان ئەوان دەیکەن، ئەوان دەچن گۆڕ هەڵدەکەنن هەر ئەوان دەچن جەنازە دەردەکەن ئەوان دەچن هەموو ئیش و کارەکە ئەوان دەیکەن، لەراستیدا پارەکەی ئەوان پارەیەکی کەمە ئەگەر بکرێ بە (١٥٠٠) دینار شتێکی باشە ماددەکانی تر زۆر باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

رای لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالآ؟.

**بەڕێز عـــفـــان نقـــشـــبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە پێمان باش بوو وشەی (متفرغین ) زیاد بکرێ لە کۆتایی بڕگەکە و ئەوەی تر باشە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

لیژنەی یاسایی وەلامی ئەوانەتان هەیە؟.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر ڕێک و پێکە و ئەو برانەی هاتووە زۆر باشە و ئەوەی کاک شفیق فەرمووی، لە بڕگەی دوو لەبەر چی کەم بکرێتەوە؟ چونکە مەرج نییە هەر اداری بن لەوانەیە دەرچووی کۆلیژی نەخۆشیاری بێت و لەوێ کار دەکات، بۆیە بە رای من پێویست ناکات لەبەر ئەوەی هەموویان هەر اداری نیین هونەریش هەن بەکالوریوسیان هەیە. لەبەر ئەوە بەرا ی ئێمە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە باشە، زۆر بە ڕێک وپێکی هاتووە، ئەو برانە زۆر پێویستە دابندرێ لەبەر ئەوەی کەس ناچێتە طبی عدلی لەوانەیە جەنابی وەزیر زیاتر شارەزا بێت هەندێ بەش هەن لە وەزارەتی تەندروستی معاناتیان هەیە لەوانە طب عدلیە و بەشی سر کردنە، لەبەر ئەوە کەس ناچێ ئەگەر دەرماڵەکەیان باش نەبێ، بۆیە ئەو درەمالآنە باش هاتووە ئەگەر بەڕێزتان لوطف بفەرموون هەر وەکو چۆن هاتووە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی پێشەکی رایەکی لیژنەی دارایی هەبوو مادام دەڵێ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی لەوانەیە ساڵانە وەزیری تەندروستی لەگەڵ وەزیری دارایی ئەو هاوئاهەنگیە بکات، مەبەست لەو ڕێنماییانە ئەوەیە کە ئێستا کاری پێدەکرێ، خۆی ئەگەر ڕێنماییەک ڕەفض کرا و کاری پێنەکرا زۆر سروشتیە دەگۆڕ درێ دەتوانین ژمارەکە لادەین، دەتوانین (٢)ەکە دانەنێین بڵێین بە ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لەراستیدا مەبەست لەو یاسایە ئەوەیە کە باری طب عدلی لە کوردستان چاک بکەینەوە ،گرنگی ئەو بابەتە روونە وەکو یارمەتی دادوەری و یاسا دەکات لەلایەکەوە لە لایەکی ترەوە کاری طب عدلی کارێکی زۆر ناخۆشە هەمووتان دەزانن مامەڵە لەگەڵ مردوو و جەنازە و تەشریح و شتی ترە، هیچ دکتۆرێک ئامادە نییە ئەو کارە بکات کارەکە بەخۆی زۆر زەحمەت و ناخۆشە، ئەوە لەلایەکەوە لە لایەکی ترەوە کارەکە پەیوەندی بە دادگا و لێکۆڵینەوە هەیە واتا ژیانیشی لە مەترسی دایە، واتا طبیبی عەدلی تەنانەت لە جولانەوەشی لەوانەیە زەختی لەسەر بێت، لەبەر ئەوەی راپۆرتی پزیشکی جاری وا هەیە خەڵکی پێ لە سێدارە دەدرێ یان لە سێدارە رزگاری دەبێ، لەبەر ئەوە تەنانەت لە لایەنی ئەمنیەوە ژیانی لە مەترسیە ، سێیەم ئەو مامەڵە لەگەڵ مردوو دەکات ناتوانێ عیادە بکاتەوە ئەگەر عیادەش بکا تەوە کاری نییە، لەبەر ئەوە ئەگەر حافزێکی باشی بۆ دانەنێین، مستحیلە ئێمە بتوانین پەیمانگاکە دروست بکەین و پێشی خەین، لەبەر ئەوە دانانی ئەو بڕانە کە داندراوە بە گرنگی دەزانین ، ئەوە لەلایەک لەلایەکی تر ژمارەکەیان دیاری کراوە ژمارەیەکی زۆر نییە تاکو بڵێین ئەرکێکی زۆرە لەسەر حکومەت، لێرە ئاماژەکراوە بۆ ڕێنمایی وەزارەتی دارایی لەبەر ئەوەی ڕێنماییەک لە وەزارەتی مالیە دەرچووە کە پزیشکەکان ٣٠٠٪ دەرماڵەیان هەیە سەبارەت بە طبی عەدلی ٤٠٠٪، ئێمە لێرە ترساین ئەگەر ئەو دەرماڵەیە بکەین لەوانەیە وەزارەتی دارایی ئەو دەرماڵەیەیان ببڕێ، لەبەر ئەوە ئەوە تەئکید کراوەتەوە کە ئەوە بمێنێ. لەبەر ئەوە لێرە دووپات کراوەتەوە کە ئەوە بمێنێ، جا بە هەر دارشتنێک بێت، بەوە بێت یان بە جۆرێکی تر، زیاد لەسەر دەرماڵەی پێشوو و ئەوە شتێکی زیادە، لێرە مەبەستەکە لەوەیە، جا دارشتنەکەی چۆن بێت ئەوە بەجێماوە بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز.

سەبارەت بە متفرغەوە، وشەی متفرغ لای ئێمە ئەوەیە کە کاری تر بکات، بۆنمونە متفرغە بۆ

خوێندن یان بۆ فێر کردن ، لێرە ئەوان مەبەستیان ئەویە کە تەنها کاری طب عدلی بکات ، بەڵام ئێمە پێشتر پێناسەی طبیب عدلیمان کرد گوتمان طبیب عدلی ئەوە کەسەیە کە بروانامەی هەیە لە طب عدلی هەر پزیشکێکیش سێ ساڵ مومارەسەی هەبێت بە بەردەوامی کاری طب عدلیمان بۆ بکات ئەگەر نەشتەرکاریش بێت، زۆربەیان ئامادە نیین بیکەن، بەڵام هەر پزیشکێ ئامادە بێت سێ ساڵ کاری طب عدلی بکات بە پێی ئەو یاسایە دەبێتە طبیب عدلی لەبەر ئەوە نابێ ئێمە مەحرومی بکەین لەو امتیازە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا ئەو تەفەروغە مەرج نییە؟.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

ئەو تەفەروغە نەبێت،بەو تەفەرغە بوار نادەینە پزیشکانی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راتان لەسەر ئەوەی هونەریەکان ( ١٥٠٠ ) دینار بێت ؟.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

ئەوە جێماوە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە رامان وایە چەندی زیاد بێت باش ترە، وەکو دەڵێن کارەکان ئەوان دەی کەن، بەڵام بەرپرسی راستەقینە پزیشکەکەیە، راپۆرتی پزیشکی هەر پزیشک ئیمزای دەکات، هەر هەڵەیەک هەبێ هەر ئیجرائێک هەبێ هەر معاناتێک هەبێ پزیشکەکان بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ دەگرن، ئەوان بەس کارەکە دەکەن، بەڵام مسؤلیەت لەسەر پزیشکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی پێشنیاری لیژنەی تەندروستی دیاری کراوە دەڵێ ، ئەوەی کوادری فەنی کە ١٠٠٠ دینارە بکرێتە ١٥٠٠ دینار، لەو بارەیەوە حەزمان دەکرد رای وەزیری تەندروسیمان بزانیبا.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

بە رای من ( ٢٠٠٠ ) دینارەکە بمێنێ ،( ١٠٠٠ ) دینارەکە گەر بکرێتە ( ١٥٠٠ ) ئەوە ئیشکالی تێدا نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامت هەیە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سوپاس بۆ جەنابت کە مەنطوقی ئەوە گۆڕا، لەبەر ئەوەی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی ساڵ بە ساڵ

دەگۆڕدرێ، دیینە سەر گرنگی طبیب عدلی کە ئەو دەرمالانە وەرگرن، خۆی طبیب عدلی ئێستا ٤٠٠٪ دەرمالەی هەیە کە راتبەکەی ٤٠٠ دینارە ٣٥٠ بدل عدویێ وەردەگرێ واتا ئێستا ٢٣٥٠ موچەی طبیبی عدلیە بێجگە لە بەخشین، لەبەر ئەوەی ئەو پارانەی ئێستا داندراون زۆر زۆرن هەمووی بکرێتن بە نیوە، لەبەر ئەوەی طبیبی عدلی کارەکەی قورستر نییە و زەحمەت تر نییە لە طبیبەی نسائی لە هۆڵی لە دایک بوون، پزیشکی لەدایک بوون ئەو ئەرکەی لەسەریەتی زۆر زۆر گران تر و گەورە ترە، واتا ژیانی دایک و منداڵەکەشی لەدەستە دەبێت زۆر سور و ورد بێ تاکو هەردووکیان رزگار دەکات لە مردن، بەلام کاری طبیبی عدلی وا نییە جەنازەیەک مردوە بەکەیفی خۆی ١٠سم یان ٥٠ سم یان ١م لە لاشەکەی دەدڕێنیت هیچ گرفت نییە، هیچ مەترسی وای لەسەر نییە،لایەنی ئەمنی کە جەنابی وەزیری تەندروستی فەرمووی ، لەو لایەنەوە داوا لە وەزارەتی ناوخۆ دەکات کە پاسەوان و پۆلیسی بۆ دەستەبەر بکات و هیچ پەیوەندی بە پارەوە نییە، دووەم جەنابی وەزیر لە وەلامی لیژنەی تەندروستی فەرمووی دەرمالە چەند زۆر بێت باشترە، بە بێ سکمان بە خەزینەش بسوتێ، هەموو وەزارەتەکان داوای پارە لە وەزارەتی دارایی دەکەن ئایە وەزارەتی دارایی پارە لە کوێ بێنێ؟ دەبێ ئێمە تەماشای خەزینەش بکەین هەمووشمان دەزانیین کە زۆر زۆر عجزێکی گەورە هەیە، لەبەر ئەوە داوا دەکەین لە سەرۆکی پەرلەمان ئەو پێشنیارەی ئێمە لەبارەی بڕە پارەکان کە دابەشی دوو بکرێ بخاتە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ روون کردنەوە یاساکە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە و لەسەر پێشنیاری وەزیری تەندروستی لە ئەنجومەن دراسەت کراوە بە ئامادەبوونی جەنابی وەزیری دارایی بۆیە حسابی بابەتی داراییشیان بە تەئکید کردەوە کە ئەو کتابەیان بەو شێوەیە ناردۆتە ئێرە واتا بڕەکان خۆیان دایان ناوە، حکومەت دەتوانێ تەحمولی ئەو مساریفە بکات، ئەگەر حکومەت نەیتوانیبا تەحمولی ئەو خەرجیە بکات نەی دەنارده پەرلەمان، ئەوە یەک روون بێت باشە. دووەم جەنابی وەزیر بە روونی راڤەی کرد کە پزیشکەکان ئەو کارە ناکەن تۆ دەبێ حەوافزی بدەیتێ تاکو بیکات، لە هەموو کوردستاندا ئەمرۆ یەک پزیشکی عدلی هەیە ئەوەش کافی نییە هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە کە پزیشک ئامادە نییە بچێ ئەو کارە بکات دەچێ عیادەیەک دەکاتەوە بۆ خۆی و پارەی زیاتری دەست دەکەوێ،لیرە (للضرورە احکام)، لەراستیدا ئەوە لە کاتی پێویستە، کاک شێروان فەرموو ئەگەر بە دواداچونێکت هەبێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

هەر قسەکەی جەنابت بوو پێویست ناکات دووپاتی بکەمەوە، سەبارەت بە برگە (١)یش ئەگەر (متفرعین) لابدرێ هیچ مانعێک نییە، پاش ئەوەی وەزیری تەندروستی ئەو روون کردنەوەی کرد ئێستاش ئەگەر ئەمر دەفەرموون ماددەکە دەخوێنمەوە دوای چاککردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلام کاک جەمیل مافی خۆیەتی پێشنیارەکەی بخەینە دەنگ دانەوە ئەگەر نەیکێشێتەوە.

**بەڕێز جەمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

رای لیژنەی دارایی رای جەنابتانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر سحبی ناکەنەوە دەیخەینە دەنگ دانەوە؟

**بەڕێز جەمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دوای روون کردنەوەی جەنابتان پێویست بە دەنگدان ناکات .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ماددەکە جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە، کاک ابراهیم تێبینیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم دۆغرەمەچی :**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئەوەی جەنابی وەزیری تەندروستی بۆی چوو، بۆ دراسەت نییە ، با لەسەر طب عدلی منافەسە پەیدا نەبێت، کەسێ کە اخصائی نەشتەرکارە یان باطنییە لە طب عدلیش بێت و ئێوارانیش کار بکات، با منافەسەکە حەصر بێت لە نێوان ئەوانەی کە تفروغ دەکەن لەبەر ئەوەی خۆمان دەزانیین کە ٤٠٠ دینار کەم نییە، جا پزیشکێکی عەدلی عیادەشی هەبێت و داواش بکات بچێتە طب عدلی، بە قسەی جەنابی وەزیر بێت سێ ساڵ ممارەسەی کرد ئەو کاتە کە عیادەی خۆی داخا با بچێتە طب عدلی، تفروغەکە زۆر گرنگە زۆر بنەرەتیە با بۆ ئەو کەسانە بێت کە تەفەروغ دەکەن نا بۆ پزیشکانی تر کە منافەسەی طبیبی عدلی دەکەن ئەوانەی کە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەو پەیمانگایەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە، کاک حەمید فەرموو.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

هەندێ لایەنی تێدایە عەدالەتی تێدا نایەتە دی، بۆ نمونە بڕگەی چوارەم کادرێکی خزمەتگوزار لە طبی عـدلی ( ٥٠٠ )دیناری زیادەی دەدرێتێ لەسـەر ئەوەی کـە راتب و دەرمـاڵەی خـۆیشی وەر دەگـرێ ، لە هەمـان کـاتدا کـادرێکی خـەدەمی لە نەخـۆشخـانەی لە دایک بوون کـە کـارەکـەشی لەوانەیە زەحمەت تر بێت لە هی ئەوە بە دەرماڵە و موچەشی ( ٢٥٠ )دینار وەردەکرێ، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

کاکەرەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

بەرای من هەر کادرێکی خزمەتگوزار لە هەر نەخۆشخانەیەک بێ ئەرکی لەوە سوک ترە کە لە طبی عدلیدا کار دەکات ، لە بەر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ مردوو ، هەڵگرتنی مردی، شوشتنی مردی، واتا کـارێکی زۆر گرانە، کادری خزمتگوزار لە نەخۆشخانەی لەدایک بوون چی دەکات؟ لەگەڵ دکتۆر دەچێتە هۆڵی لە دایک بوون و لەگەڵ ئافرەتەکە دێتە دەرەوە و پاکی دەکاتەوە، نە مردو هەڵدەگرێ و نە هیچ هەڵدەکرێ، لەبەر ئەوەی ئەو کـادرە خزمـەتگوزارە کـە لە طبی عـدلی کـار دەکـات ئەو ( ٥٠٠ ) دینارە زۆر باشە تاکو هانیان بدەین تاکو لە وێ کار بکەن، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

تێبینی تر هەیە، کاک جمیل فەرموو.

**بـەڕێـز جـمـیل عـبـدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

جـەنابی وەزیری تەندروسـتی لێـرە ئامـادەیە، مـامـۆسـتـا کـاکـەرەش فـەرمـووی بەردەست لە نەخۆشخانەی لە دایک بوون چی دەکات،بۆ لە هۆڵی لە دایک بوون هیچ ئافرەتێک نامرێت؟ هیچ منداڵێک نامرێت ، لەبەر ئەوە بەشەکـانی تر ئەرکیـان زۆر زیاترە ، ئەوە هەر بۆ روون کـردنەوە ، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

کاک ابراهیم سعید فەموو.

**بەڕێز کـاک ابراهیم سـعـیـد مـحـمـد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

تێبینی من لەسەر متفرغە،من وای دەبینم کە تەفەروغ بۆ طبیب عدلی زۆر کارێکی پێویستە، بە هیچ شێوەیەک نابێ طبیبی عدلی عیادە بکاتەوە، ئەگەر عـیادە بکاتەوە لەوانەیە بکەوێتە ژێر

هەندێ کاریگەری، ئەوە رۆڵی دادوەر دەبینێت، ئەگەر عیادە بکاتەوە لەوانەیە خەڵکێ کاری تێبکات ، پێم باشە ئەگەر عیادەی نەبێت و تەنها بۆ ئەو کارە موتەفەرغ بێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

وابزانم لەسەر ئەو بابەتە زۆر گفتوگۆ کرا، تەنها ناکۆکی ئەوەیە کە تەنها موتەفەرغ بێت یان نا، جەنابی وەزیر روونی کردوە، ئەوانەی دەچن لەو بوارە کار دەکەن هەرچەندە رای پەروەردەش وابوو کە موتەفەرغ بێت، بەڵام کە روونی کردەوە مەرج نییە کە موتەفەرغ بێت ، خۆشیان زۆر کەمن ئەوەش باوەر ناکەم کاریگەریەکی ئەوەندە گەورە بکات لەسەر بوجەی حکومەت کە ئێمە ئەوەندەی بۆ بپارێینەوە، دوایی حکومەت خۆی ئەو پرۆژەیەی ناردوە، بە تەئکید وەزیری دارایی لەوێ ئامادە بووە ، بۆیە ئەگەر بکرێ اکتفاء بە گفتوگۆیەکە بهێندرێ بخرێتە دەنگ دانەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

پاشی ئەو گۆڕانکاریانە مادەی بیست و نۆ دەخوێنمەوە :

المادة التاسعة والعشرون :

للوزير صلاحية منح مخصصات اضافية للعاملين في الطب العدلي اضافة للمخصصات الحالية المنصوص عليها في تعليمات وزارة المالية والاقتصاد١٩٩٧ وبالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد للاقليم وعلى الشكل التالي :-

اولا :- مخصصات مقطوعة قدرها(٤٠٠٠) أربعة الاف دينار شهريا للاطباء العدليين.

ثانيا :- مخصصات مقطوعة قدرها(٢٠٠٠) الفا دينار شهريا للعاملين في الطبابة العدلية من حملة البكلوريوس أو أعلى من غير الاطباء .

ثالثا :- مخصصات مقطوعة قدرها(١٠٠٠) الف دينار شهريا للعاملين في الطبابة العدلية من الكوادر الصحية والفنية.

رابعا :- مخصصات مقطوعة قدرها(٥٠٠) خمسمائة دينار شهريا للعاملين في الطبابة العدلية من الكوادر الخدمية.

خامسا :- تستثنى المخصصات الواردة ذكرها في الفقرات الأربع اعلاه من أحكام قانون مخصصات موظفي الدولة رقم(٩٣) لسنة ١٩٦٧ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئاگاداری بەڕێزتان ئەوە بێ تەفەروغە، دەیخەمە دەنگ دانەوە، ئەو بەڕێزانەی کە مادەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدەری:**

المادة الثلاثون : يعفى الطبيب والصيدلي والمعاون الطبي العاملون في الطبابة العدلية من احكام قانون تدرج ذوي المهن الطبية وقانون تدرج ذوي المهن الصحية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا راتان تکایە؟.

**کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە سروشتیە و لەگەڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ؟.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەکە زۆر بە چاکی هاتووە و ئێمە لەگەڵین .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارای و ئابووری تکایە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ئێمە پشتگیری مادەکە دەکەین ، ئەگەر وا نەبێت تەرفیعاتیان رادەوەستێ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی تکایە؟.

**بەڕێز شفیق أمین محمد:**

ماددەکە باش هاتووە لەگەڵینە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالآ؟.

**بەڕێز عفان نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،
ماددەكە باش هاتووە و پشتگیری دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە، پێویستی بە ڕاڤەكردنێك هەیە ئەگەر جەنابی وەزیری تەندروستی بۆمانی بكات.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،
بەپێی یاسای پلەبەندی(ذوی المهن الطبیه و وذوی المهن الصحیه)، پاش ئەوەی ماوەی اقامه تەواو دەكەن ، دەبێ بچنە شارۆچكەكان دوو ساڵ خزمەت بكەن، لێرە بەدەریان دەكەین وەكو هاندەرێكە تاكو بێن بۆ طب عدلی، حەز دەكەم جەخت لەسەر ئەوە بكەم بەو هەموو پارەی كە باس كرا وای بۆ ناچین كە بەپیرەوە چونێكی وا هەبێ كە چەند كەسێك بێن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

واتا بۆ لادێ و شارۆچكەكانە.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

بەڵێ بۆ ئەوانەو بەدەر دەكرێن. وتا ئەگەر بەدەر نەكرێن دوو ساڵ بچێتە لادێكان ئەوە نایەتە طب عدلی و دەچێتە فەرعەكانی تر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەی پلەبەندی اقامه و شتی تر ناگرێتەوە؟.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

نەخێر واتا (تدرج خارج مركز) ئەوەی پێی دەڵێن تدریب ئەوە دەبێت بیكات لەوە بەدەر ناكرێ، تەنها لە پلەبەندی مەبەستمان خزمەتگوزاری لە لادێ و شارۆچكەكانە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كار لە پلەبەندی ناكات .بۆ نمونە لە ئەندازیاری هەیە. ئەندازیار دواتر ئەندازیار... هتد.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،
لای ئێمە هەیە ئەوە هەیە پزیشك لە كۆلێژی پزیشكی دەردەچن دوو ساڵ ایقامەی دەوری دەكەن كە ضمنی تەدریبیانە ئەوە لەسەر هەموویان واجبە و كەس بەدەر ناكرێ بەهیچ شێوەیەك، بەلام خزمەت لە لادێ و شارۆچكەكان پێی دەڵێن پلەبەندی، لە هەندێ حالات كە زۆر پێویست بێت

ئێمە بەدەری دەکەین وەکو حافزێک و هاندانێک تاکو ئەو شتە پر بکەینەوە، لێرەش طب عدلی ئەو گرفتەی هەیە ئەو خاڵەش گرنگە تاکو بیێتە حافزێک بۆ دکتۆرەکان و دەرمانسازەکان و ئەوانی تریش تاکو بێن بۆ طب عدلی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا یاسای (ذوی المهن الطبیه) و (ذوی المهن الصحیه) تەنها خزمەتە لە دێکان ؟

**بەڕێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

خاڵەکەی تێدایە، کە دەڵێی پلەبەندی، ماوەی تەدریب هەیە، یاساکە زۆر خاڵی تێدایە، بەس ماوەی تەدریب هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا من مەبەستم ئەوەیە، واتا هەمووی دەگرێتەوە ، جا لیژنەی یاسا ئەوە بکات تاکو بە هەڵە تەئویل نەکرێ، ئەگەر تەنها مەبەستتان لادێ یە با دیاری بکرێ ،کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

وەکو بەڕێزتان فەرموتان لەوانەیە وەزیری تەندروستی باشتر بزانێ ، خۆی ئیقامەیە و ئیقامەی دورییە و ئیقامەی قودمایە دوای ئەوە مومارسە ... هتد، فعلا وەکو جەنابیشت فەرمووت ئەوانە هەمووی پلەبەندی پزیشکینە، تەنها بەدەریان بکەن لە لادێ و شارۆچکەکان،

لە دەستەی سەرۆکایەتیەوە پێشنیار هات دەڵێ ئەوە زیاد بکرێ(فیما یخص الخدمة في القرى والاریاف) ئەگەر ئەوە مەبەستەکە بپێکێ ئەتوانین بیخەینە سەری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەکە جارێکی تر بخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شیرون ناصح حیدەری:**

المادة الثلاثون :

یعفی الطبیب والصیدلي والمعاون الطبي العاملون في الطبابة العدلیة من احكام قانون تدرج ذوي المهن الطبية وقانون تدرج ذوي المهن الصحية فیما یخص الخدمة في القرى والاریاف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ادریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

سەبارەت بە پزیشک و یاریدەدەری پزیشک باشە ، دەرمانساز بۆ بەدەر بێت کە شتێکی گشتیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەلامتان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز جەمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

دەرمانسازیش لە طبابەی عدلی پێویستە، لە پەیمانگاکە بەش هەیە بۆ نمونە سڕکردن هەیە سموم هەیە، لەبەر ئەوە دەرمانساز پێویستە یاسای پلەبەندی بیگرێتەوە دەبێ بچێتە لادێکان و شارۆچکەکان لێرە پێویستە بە هەمان شێوە هانی بدەین. نازانم مەبەستی کاک د. ادریس چی بوو؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ادریس جارێکی تر راکە روون بکەوە.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

دەرمانساز کە دەردەچێ لە هەر کوێیەکی دادەمەزرێنی پەیوەندی بە پیشەکەوە نییە، شتێکی گشتیە واتا دەرمانساز دەرمانسازە شتێکی نوێ نییە هاتبێتە ناو بابەتەکە، دەرمانساز چۆن لە نەخۆشخانەیەک دایدەمەزرێنی دەتوانی بیهێنیە طبی عدلی. لەبەر ئەوە دەبێ پلەبەندیەکە بیگرێتەوە لەبەر ئەوەی اختصاصەکەی گشتییە، سەبارەت بەو بابەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستی ئەوەیە دەرمانسازچ لە طبابەی عدلی کار بکات یان لە شوێنێکی تر کار بکات هەر دەرمانسازە، و ناگۆڕێ .

**بەڕێز جەمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

لەسەرەتاوە گوتم ئەوە تەنها هاندەرێکە بۆی ئەگەر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەبەستی ئەوەیە کە دەرمانساز حەفزی ناوێت. لەگەڵ جەنازە کار ناکات لەگەڵ دەرمان کار دەکات.

**بەڕێز جەمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

نایەت بۆ طب عدلی، لەبەر ئەوەی کارەکە زۆر زەحمەتە لایەنی لێکۆڵینەوەی هەیە هێنان و بردنی تێدایە بەیانی اشکالاتە، لێکۆڵینەوەیە، دەبێ سموم دیاری بکات کارێکی ئاسان نییە، بابەتەکە طبیە لە خزمەتی دادوەری و بابەتێکە زۆر ئیشکالاتی تێدایە، ئەگەر دەرمانخانە خۆی هەبێ زۆر ئاسان ترە، ئەگەر هاندەرێکی نەبێت نایەت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكەڕەش فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

لە وتەكەی جەنابی وەزیر وا دەردەكەوێ كە دەرمانسازیش خاضعی تەدەروج وەزیفی یە سەبارەت بە خارجی مەركەزی پارێزگا، ئەگەر خارجی مەركەزی پارێزگای خازیعی ئەو ئیجرائە بێت، پێویستە ئەویش بگۆترێ، لەسەرەتای دامەزرانییەوە پێویستە لە دێكان كار بكات ئەگەر خاضعیش نەبێ وەكو ئەوانی تر پێویست ناكات دەرمانساز لەناوی بێت وا دەر دەكەوێ كە ئەوەیش دەیگرێتەوە وەكو دكتۆر و ئەوانی تر دەبێ لە دەرەوەی پارێزگا كار بكات، لەبەر ئەوە پێویستە دەرمانسازەكە بیگرێتەوە،

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د. ادریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

ئەوانەی لە كۆلیژی دەرمانسازی دەردەچن هیچ بابەتێك نییە تەنانەت لە ساڵی كۆتایی كۆلیژیش پەیوەندی بە طبی عدلی هەبێ تاكو بڵێ من لەوێ تەخەسوس دەكەم ،تاكو پلەبەندیەكە نەی گرێتەوە ئەوە بە شێوەیەكی گشتی دەردەچێ، ئایە لە كوێ دادەمەزرێ ئەوە سیاسەتی وەزارەتی تەندروستیە وەزارەت سەرپشكە لە كوێی دادەنێ ، پەیوەندی بەو بابەتانەوە نییە بە رای من ، دەرمانسازی پیشەیەكی گشتیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،

ئەگەر پلەبەندی وەزیفی بیگرێتەوە ئەوە ناتوانین لە وێی دامەزرێنین،وەكو وەزیری تەندروستی فەرمووی ، دەبێ دوو ساڵ لە لادێ و شارۆچكەكان بێت واتا لەدەرەوەی پارێزگا بێ ئەوجا دەتوانێ بێتە طب عدلی بەڵام ئەگەر بەدەر بێ هەر دەرچوودەتوانێ بچێ، ئەوەیە بابەتەكە، واتا خاضعە یان خاضع نییە؟ ئەگەر خاضعی تەدەروجی وەزیفی یە ئەوە وەزیری تەندروستی دەزانێ دەبێ ئەو دەقە هەبێ ، ئەگەر خاضع نەبێ ئەوە لە هەر شوێنێ دایبمەزرێنێ هەر هەمان شتە،

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز جەمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی:**

لێرە وابزانم وا تێگەیشتون لێرە مەبەست پزیشک نییە مەبەست خاوەن پیشەی تەندروستیە دکتۆری ددان دەگرێتەوە پزشک و دەرمانساز دەگرێتەوە، ئەو کۆمەڵە پێیان دەڵێن (ذوی المهن الطبیە)، (ذوی المهن الصحیە)ش کارمەندەکانی پزیشکی تر دەگرێتەوە لەبەر ئەوە دەرمانسازانیش بەهەمان یاسا مشمولن ساڵێک تەدریب دەکەن و دوو ساڵیش دەچن بۆ لادێکان، لێرە دەمانەوێ بەدەر بکرێن ئەگەر ویستی بچێتە طب عدلی نایینێرین بۆ لادێکان ئەوەش وەکو هاندەرێکە تاکو بچێتە ئەو ئیشە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بابەتە زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا، ئەوان پێیان باشە دەرمانسازی تێدا بێت، بۆ دواجا فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

باشە ئەگەر بەدەر بکرێ ، دەرمانسازان هەمووی تقدیمی طب عدلی دەکات ئەو کاتە کێ هەڵدەبژێری؟ ئەو کاتە پلەبەندیەکە نابێ ،حەق نییە دەرمانساز داخل بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاکم (نمر)فەرموو.

**بەڕێز نمر کچۆ هسام:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

لەو ماددەیە زۆر پێویستە چونکە طبیب عدلی پێناسەمان کردوە ئەوە ساڵێ ساڵی تقویمی دەبێ لە (معهد الطب العدلی) دەرچوو، کە لە کۆلیژی پزیشکی دەرچوو ناتوانێ بچێتە طبی عدلی، ئەگەر لێرە مشمول بێ پێویستە دوای دوو ساڵ انجا دەتوانێ تقدیم بکات واتا ئەوە لێرە هاودژیەک دەبێت. ئەوەش ماددەیەکی هاندەرە تاکو بێن لەوێ دەوام بکەن ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموون جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز شیرون ناصح حیدری:**

المادة الثلاثون:

یعفى الطبیب والصیدلي والمعاون الطبي العاملون في الطبابة العدلیة من احکام قانون تدرج

ذوي المهن الطبية وقانون تدرج ذوي المهن الصحية فيما يخص الخدمة في القرى والارياف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە مادەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ یەک دەنگ پەسەندی ناکات ،ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیرون ناصح حیدەری:**

پێش ئەوەی بچینە ماددەی ٣١ پێمان باشە لێرە ماددەیەکی تر زیاد بکەین :

(على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون) لەبەر ئەوەی لە پرۆژەکەدا نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە؟ کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، •

پێش پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا ، ئێمە پێشنیارمان ئەوەیە کە ماددەیەک لە دوای ماددە سیەم زیاد بکرێ بەو شێوەیە (لا يعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون). لەبەر ئەوەی شتێکی زۆر پێویستە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ریزبەندی ژمارەکان بگۆڕن تاکو بیاندەینە دەنگدانەوە.

فەموون ماددەی ٣١ بخوێننەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

ماددەی سی ویەک پێشنیاری لیژنەی یاسایە.

المادة الحادية والثلاثون:

(على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە. دیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی کە ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ،ماددەی سی و یەک بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

المادة الثانية والثلاثون:

(للوزير اصدار تعليمات لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە. دیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی کە ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ،ماددەی سی ودوو بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

ماددەی سی و سێ پێشنیارەکەی لیژنەی داراییە.

المادە الثالثە والثلاثون:

( لا یعمل بای نص یتعارض واحکام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە. دیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی کە ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ،ماددەی سی وسێ بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الرابعة والثلاثون:

(ینفذ هذا القانون من تاریخ نشره في جریدة وقائع کوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە. دیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی کە ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ،ماددەی سی وچوار بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

## الاسباب الموجبة

تأكيداً لأهمية الطب العدلي ولغرض تطوير أعماله وتنظيمها بشكل يمكنه من أداء هذه المهام بصورة علمية ومتطورة، وبغية تحديد مهام الطبيب العدلي ورفع كفاءة العاملين في الطبابة العدلية، وتأمين الأطباء العدليين، وفق خطة شاملة تغطي حاجة الاقليم اليهم، بما يحقق العدالة وحسم القضايا بأدق وجه وأسرع وقت ممكن. فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا هەموو پرۆژەکە دەخەینە دەنگ دانەوە، ئەو بەڕێزانەی کە هەموو پرۆژەکە پەسەند دەکەن

دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟پرۆژەکە بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

زۆر سوپاسی نوێنەرانی لیژنەی تەندروستی و لیژنەی پەروەردە دەکەین بۆ بەشداریان لەو گفتوگۆیە با بفەرموون بچنەوە شوێنی خۆیان ، نوێنەرانی لیژنەکانی تریش با لە شوێنی خۆیان بمێننەوە.

بەڕێزان دێینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنەروو وگفتوگۆکردنە لەسەر پرۆژەی بڕیاری دەسەڵاتدان، بە بەڕێز وەزیری ناوخۆ بۆ درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩ کە پێشنیارکراوە لە لایان ئەنجومەنی وەزیرانەوە. لیژنەی یاسایی تکایە رای خۆتان بخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، پێشتر پرۆژەکە نەخوێنمەوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەکە نەخوێندراوەتەوە، فەرموو پرۆژەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بأسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان/العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار: / / ٢٠٠١**

مشروع القرار:

**(قرار)**

إستناداً الى أحكام المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء ، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ما يلي:

اولا :يخول وزير الداخلية صلاحية تمديد المدة الواردة في الفقرة الأولى من قرار المجلس الوطني لكوردستان/العراق المرقم (١٧) في ١٩٩٩/١١/٢ والممدد بالقرارين المرقمين (٥) في ٢٠٠٠/٤/٩ و ١٦في ٢٠٠٠/٩/٢٤.

ثانياً: على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

ثالثاً: لا يعمل باي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.